


ڕێبەندانی ٢٧١٢ یەکبوون ژمارە : ٣٤ January : 2013





## لەم ژمارەیە دا :

* کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد ............. وێبلاگی ڕاستیەکان ................. لاپەرەی ........ ٢
* کورد و مافی چارەی خۆنووسین .......... ئیسماعیل بێشکچی ....... وەرگێڕانی ئیبراهیم شێخ شەرەفی ...... لاپەرەی..... ٥
* تێرۆریزم ................ د.ولتر لاکیر ................. وەرگێڕانی سۆران شێخ ئەمین ............ لاپەرەی ....... ١٠
* رۆڵی ژن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی - نەتەوەیی دا ............ بەیان کەریمی .............. لاپەرەی ........ ١٤
* بەیتی کوردی لە خوێندوەیەکی بەراوردکارانە لە گەڵ ئەدەبێ کلاسیک دا........ رەهبەر مەحموودزادە ....... لاپەرەی .....١٧
* رۆژژمێری مانگی ڕێبەندانی ٢٧١٢ی کوردی .......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ............ لاپەرە ٢٠

# کۆماری کوردوستان یا کۆماری مەهاباد

## بەراوەژوو نووسینی مێژوو

بۆ وەدەست خستنی ڕوانگەیەک لە پێوەندی بە چیەتی مێژوو، پێویستە لە یەک ڕێژە پێوەری تایبەتی کەڵک وەر بگیرێ. بە سرنج دان بەم پێوەرانەیە کە دەکرێ لە ئەجننا و ناوەرۆک و چیەتی ڕووداوێکی مێژوویی بگەین و بزانین کە چلۆنە؟ لە ئەم بانەتەدا تێکۆشاوین بە پێشکەش کردنی کۆگەلێک لە بەڵگەگەلی پێوەندیدار نیشان بدەین کە کەڵک وەرگرتن لە "کۆماری مەهاباد" لە پێوەندی بە "کۆماری کوردوستان" بە پێچەوانەی ڕاستییەکانی بابەتێک بوە و بە ڕاستی دەکرێ بڵێین کە بە پێچەوانە و بەراوەژوو نووسینی مێژوو بوە.



زۆربەی نووسەران و مێژوونوسان لە بیرۆکەی خۆیاندا کە نیشاندەری هەست و بڕوایانە لە پێوەندی بە کۆماری کوردوستان کە بە پێچەوانەی ڕاستییەکانی ڕووداوەکە بوە، وا دیارە تووشی هەڵەی مەزن بوون:

١- سرنج نەدان بە بەڵگەکان.

٢- ساویلکە بینینی زۆر گەورە.

٣- ڕوانگەیەکی یەک لایەنانە بە ڕووداوەکە.

٤- شێوەی ناسینی ناڕاست و هەڵە.

لە بەر چاو نەگرتنی ئەم چوار فاکتۆرە هۆی سەرەکی هەڵە ڕۆیشتنی ئەم نووسەر و مێژووناسە بەڕێزانە بوە کە هەنووکە و لە ئەم بابەتەدا هەر چوار فاکتۆرِ دەپشکنینەوە و لێکیان دەدەینەوە هەتا بزانین چلۆنن و چین.

### 1- سرنج نەدان بە بەڵگەکان.

لە سەرەتادا بەڵگەکان لێک دەدەینەوە و کە لە ئەماندا بە شێوەی فەرمی یادێک لە کۆماری مەهاباد کراوە:

سوێندنامەی قازی محەممەد

ڕۆژی چاردەی ژانوییەی ساڵی ١٩٤٦ ی زایینی قازی محەممەد لە کۆبوونەوەی مەزن و بەربڵاوی خەڵکی سوێندی خوارد و گوتی: " سوێند دەخۆم بە قورعانی کەریم، بە وڵاتی بە شەڕەفی گەلی کورد و بە ئاڵای کوردوستان کە دەشەکێتەوە، هەتا ئاخرین دڵۆپی خوێنم، لە ڕێگەی ئازادی و سەربەستی گەلی کورد تێ بکۆشم و بێ وچان لە سەر ئەم هەڵوێستە بم. لە وەیکە هەنووکە ڕێبەری گەلی کوردوستانم و بە یەکێتی کوردوستان و ئازەربایجان، شانازی بە خۆم دەکەم و فەخر دەکەم و هەموو هێز و چالاکییەکانی خۆم دەخەمە گەڕ هەتا ویست و خواستی گەلی کورد بە دەست بێنم و بە ئاواتەکانیان بگەیەنم".

ئەمە دەقی سوێندی قازی محەممەد بوە کە ئەمڕۆکە بە پێچەوانەی، ڕاستییەکان هێندەیان شاخ و باڵ و لک و پۆ پێوەناوە کە خوێنەر هەر سەری سوڕ دەمێنێ و پێت سەیر دەبێ. بەڵام ئەمانە درۆی زەبەلاحی مێژوویین و ئەرکی سەر شانی ئێمەیە کە ئەم درۆیانە ڕوون بکەینەوە و بە خەڵکی ڕا بگەیەنین و پێیان بڵێن و ئاگاداریان بکەینەوە هەتا بە ڕاستی قازی محەممەد بناسن و ...

پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندی بە قازی محەممەد

ڕۆژنامەی کوردوستان/مەهاباد/ ژمارەی ١٤ ڕێکەوتی ١٣ی فیورییەی ١٩٤٦

عینوانی خەبەر: پێشکەش کردنی قورعان بە جەنابی پێشەوا

بە پەسەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردوستان، یەک جڵد قورعانی مەجید دەگەڵ دو بەرماڵی نوێژ کردن بە مەبەستی ڕاگەیاندنی هەستی بە سۆزی گەلی کوردوستان، پێشکەش بە سەرۆک کۆماری کوردوستان کرا...

### خوتبەی بە زمانی کوردی

ڕۆژنامەی کوردوستان لە پێوەندی بە خوێندنەوەی خوتبە بە زمانی کوردی دەنوسێ:

... بە فەرمانی قازی محەممەد سەرۆکی کۆماری کوردوستان بە ئیمامی جەماعەتی شاری مەهاباد، جەنابیان ڕادەسپێردرێ کە خوتبەی ڕۆژانی هەینی بە پێی بڕیاری دەرکراو ڕێک و پێک و ئامادە بکرێت...

## پەروەردە و فێرکاری

... بە پێی بڕیاری سەرۆک کۆماری کوردوستان لە ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ ی هەتاوی لێژنەیەک لە پیو مەزنەکانی فەرهەنگی لە دایرەی فەرهەنگ ساز درا و بە دوای وت و وێژی بەر بڵاو و دور و درێژ، بڕیار درا ناوی قوتابخانەی پەهلەوی بۆ قوتابخانەی کرمانجی کوردوستان بگۆڕدرێ.


## وتو وێژی و دیمانەی قازی محەممەد دەگەڵ ڕۆژنامەی ڕێبەر

ڕۆژنامەی ڕێبەر ئۆرگانی حیزبی تودە، لە دیمانەیەکدا کە دەگەڵ قازی محەممەد کردی و دەقەکەی لە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەری ١٣٢٥ لە ڕۆژنامەی کوردوستان چپ و بڵاو کراوە.

پرسیار: سنووری هەنووکەیی نێهزەتی دێمۆکڕات هەتا کوێ درێژەی هەیە؟

وەڵام: نێهزەتی ئێمە شارەکانی ماکۆ، شاپوور، خۆی، ڕەزاییە، سندووس، سەقز و سەردەشتی بە ژماری حەوسەت هەزار کەس لە خۆ دەگرێ.

پرسیار: ئایا ئەم خەبەرەی کە پەیامنێری فەڕانسەوی لە زمانی ئێوە بڵاوی کردۆتەوە کە هەر کات بمانهەوێ شاری کرمانشانیش دەگرین و ئی ئێمەیە، ڕاستە؟ ئەم خەبەرە بە ڕاستی بڵاو کراوەتەوە؟



وەڵام: مەبەستی من لە وتنی ئەم ڕستەیە دەست بە سەر داگرتنی بە کیشە و ئەمپڕالیستی بە سەر شاری کرمانشای نەبوە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی من، ئازاد کردنی بەشێکی تر لە پانتایی و سەرزەوی ئێرانە. ( ئەم بەڵگانە، تەواوەتیان لە ڕۆژنامەی کوردوستان، ئۆرگانی فەرمی کۆماری کوردوستان وەدەر خراوە).

## قازی محەممەد لە بەرامبەر دادگادا

گرینگترین تاوانەکانی قازی محەممەد و هاوڕێیەکانی کە بە دەیان جار بە ناوی کۆماری کوردوستانەوە بە چاوی یەک تاوان ئاماژەی پێ کراوە و چاوی لێ کراوە بریتین لە:

١- بەستن و واژۆ کردنی گرێبەستی فرۆشتنی نەوت لە نێوان دەوڵەتی ڕووسیە و کۆماری کوردوستان.
٢- شەکاندنی ئاڵای کۆماری کوردوستان.
٣- گۆڕانی خەریتەی ئێران و جیا کردنەوەی پێنج پارێزگای ورمێ، کرمانشا، سەنەندەج، تەورێز و ئیلام.
٤- ساز کردن و کێشانەوەی خەریتەی کوردوستانی مەزن.
٥- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردوستان.

## تاوانەکانی سەیفی قازی

١- قوبووڵ کردنی وەزارەتی شەڕ لە کۆماری کوردوستان دژ بە حکوومەتی ناوەندی ئێران.
٢- هاوکاری دەگەڵ قازی محەممەد و وەزیرەکانی تری کابینەی یەکەمی حکوومەتی کوردوستان...
٣- هاندان و دنەدانی خەڵکی دژ بە حکوومەتی ئێران و متمانە بەخشین و دڵنیا کردنەوەی بەرپرسانی کۆماری کوردوستان لە مەهاباد.

## ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی و کۆماری کوردوستان

حەمە ڕەشا شای پەهلەوی لە کتێبی " وڵامدانەوە بە مێژوو" دەڵێ:

یەکێتی سۆڤییەت لە بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازی قازی محەممەد لە کوردوستان و کۆماری پیشەوەری لە ئازەربایجانی پشتیوانی کرد ( وڵامدانەوە بە ،یژوو، محەممەد ڕەزا پەهلەوی، لاپەڕەکانی ٥٥،٥٤).

ئارچیباڵد ڕۆزوێلت. ویلیام ئیگڵتۆن، لینچۆفسکی، میخاییل سیمۆنۆویچ، درێک کینان، کریس کۆچێرا، جاناتان ڕێندێل و زۆربەی لێکۆڵەرانی بێ لایەنیش تەنیا لە ناو و دەستەواژەی " کۆماری کوردوستان" ناویان بردوە و واژەی کۆماری مەهاباد لە هیچ یەک لە دەقە فەرمییەکاندا نەبیندراوە.

لە تەواوەتی ئەم بەڵگانەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردوستان ماوەتەوە و وە دەستمان گەیشتوە، واژەیەک بە ناوی" کۆماری مەهاباد" نەبیندراوە. نامەکانی فەرمی سەردەمی کۆمار بە نیشانەی" وەزارەتی هێزی دێمۆکڕاتی کوردوستانی"، " وەزارەتی جەنگی کوردوستان"، " وەزارەتی هێزی کوردوستان" هاتنە ناو نووسراوەکانی ئیداری لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لە نامیلکەکاندا کە بۆ قازی محەممەدی نووسراوە، بە تەواوەتی و ڕاشکاوانە لە دەستەواژەگەلی " پێشەوای کۆماری کوردوستان" و " یان " سەرۆک کۆماری کوردوستان" کەلکیان وەر گرتوە و ئاوایان نووسیوە.

## ساکاری پتر لە ڕادە

هاتنە ئارای بابەتگەلێکی وەک "دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردوستان تەنیا لە بەر هۆی بارودۆخی ژێئۆپۆلیتیکیە". " خەریتەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، چەند دە ساڵ بەر لەوە لە لایەن مێعماری سیاسی ڕۆژهەڵاتی داڕێژراوە"، " خەڵکی کوردوستان هیچ کاریگەرییەکیان لە ساز بوونی کۆماری کوردوستان نەبوە".
"کۆماری کوردوستان ئەڵتێرناتیوی یەکێتی سۆڤییەت بۆ بەرەوڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕۆژئاوا بوە". " دامەزرانی کۆماری کوردوستان بەرهەمی تۆبزی و جەبری ژێئۆپۆلیتیکی بوە". " کۆمەڵگای سوننەتی کوردوستان، ناتوانا لە پەسەند کردن و قەبووڵ کردنی بارو دۆخ و چلۆنایەتی دێمۆکڕاتیک بوە". " هەتا کاتێک کە زل هێزەکان گرینگی بە بابەتی کوردوستان نەدەن بابەتی کوردی باوی نێودەوڵەتی نابێ" و ...
بە جۆرێک ساکار بینین و بە زمانی سادەتر یەکجار زۆر ساویلکانە بینینە. ئەم ڕستانەی کە بە بێر کردنەوە و بە بێ سرنج دان بە بارودۆخی نێودەوڵەتی و خۆیی هەنووکەیی کاتی و شوێنی، تەنیا لە بیری دۆزینەوەی وڵامێکی کاتی و زوون. گرینگترین پرسیارێکی کە دێتە ئارا ئەوەیە کە: پێواوتن و هەڵسەنگاندنی کۆماری کوردوستان لە دەیەکانی چلی...

## شێوە ناسینی ناڕاست

شێوەی ناسینی توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆماری کوردوستان لە زۆربەی بابەتەکان کێشەی تایبەتی لە سەرە.

١- هەڵبژاردنی ناوێکی نادیار و ناڕاست لە بەر هۆی بەرژەوەندی و یان کاریگەری لە نووسینی مێژووی فەرمی بە جۆرێک کە توێژینەوەی هەر لە هەمان سەرەتاوە دەگەڵ چالیشی پرسیاری یەکەم ڕووبەڕوو دەکا.
٢- بە زۆرەملی لە ناو قالب و پیتەوە خستن لە ناو سنوورێکیدا بۆ پاساو هێنانەوە و سەلماندنی بابەت بە شێوەی ناوەند کردنی بابەتێکی تایبەتی و نەبینینی بارودۆخگەلی تری کاریگەر.
٣- بایەخ دانان لە ڕێگەی پێش داوەری کردن بە هێنانە ئارای بابەتگەلێکی وەک پێویستی لە تەقەدوس خستن لە کۆماری کوردوستان بە پێویستی ڕەخنە گرتن لە وی و هەروەها...
٤- تێکۆشان بۆ سەلماندنی داوایەک بە هەر نرخێکی کە دەکرێ.


## بەڵام وشەی کۆماری مەهاباد لە کوێوە هاتوە؟

لە سەردەمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی، تەک ڕەوەکانی چەپ لە ناو ئێران و هێندێک لە حیزبە سیاسییەکانی نیشتمانی و فرمی نووسانی وڵات، مێژوو نووسیان دەگەڵ بیر و بڕواکانی بیرۆکەیی خۆیان پەیوەند دا و بە دووبارە نووسینەوەی مێژوو، مێژوو نووسی نوێیان لە کێشە چین و توێژەکان و یان بەگ و ئاغاکان و دەرباری پاشایەتی و ... خوڵقاند. دەستەواژەی درۆینەی کۆماری مەهابادیش هەر بەرهەم و دەسکەوتی ئەم بە پێچەوانە نووسینی مێژوویە.
یەکجار زۆر بە داخەوە ئەم بە پێچەوانە نووسینی مێژوو و درۆ و دەلەسە نووسینانە کە لە شاکارەکانی میرزا نووسان و مێژوو نووسانی دەباری پاشاکان و حیزبەکانی سەر بە ئەمانە و گەیشتوونە ڕۆژگاری سەردەم و لە نێوان گەوهەری بیری سادەی نووسراوەکان، تێکۆشانی ئەمانە دە دوبارە نووسینەوەی مێژوو بە پێی بەرژەوەندی و لە دوایەشدا داڕشتنی بناغەیەکی بیری و تێئۆریکی بە پێی مێژوو دوبارە نووسی کراوەتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر فەرمی نووسان تێدەکۆشن هەتا مێژوو لەت و پەت بکەن و لە ناوی بەرن و بەڕاستیش پێویستە بڵێین و ئاماژەی پێ بکەین کە ئەم ئیشە دوژمنایەتی و غەیانەت بە گەلی کورد بوە هەر چیەکی بێت ئەمان نوسەرانی فەرمین و هیچ گلێیییەکیشیان لێ ناکرێ، بەڵام ئەگەر بێتوو توێژەرێکی کورد بە ئەم بابەتە پەرە بدا دەبێ چ بڵێین و چ باس بکەین؟ و چی بکەین؟
دە حاڵێکدا کە لە زۆربەی وڵاتان گەلەکان تێدەکۆشن هەتا بە ساز کردنی بە ساختە و درۆی مێژوو، چیەتی خۆیان لە ئەوپەڕی ئەم شتەی کە هەن پێشان بدەن. بۆ چی ڕووناک بیرانی کورد، ئەم شتەی کە بۆ خۆیان بە ڕاستی هەیان بوە کەمتر لە ڕاستی دەبینن؟ بە ڕاستی ئەگەر بێتوو لایەنی تر و تاریکی مێژوو بنووسرێ ئەودەم چ وڵامێکمان هەیە؟ دەتوانین چی بڵێین؟
بە بیری من بە پێچەوانە نووسین نەسڵی ئەمڕۆ بە پێچەوانە بینینی نەسڵی سبەینێی پێوە دەبێ؟ و بە پێچەوانە بیننینی نەسڵێک تەنیا یەک ئاکام و دەرئەنجامی دەبێ ئەویش خاڵی ڕەش بە ناوچاوانی مرۆڤ.

سەرچاوە : وێبلاگی ڕاستیکان



# کورد و مافی چارەی خۆنوسین ...



ئیسماعیل بێشکچی

## دەقی وەرگێڕدراوی وتارەکەی بێشکچی کە بەهۆیەوە درایە دادگا

ئاوێنە: وەرگێڕانی ئیبراهیم شێخ شەرەفی ..

کێشەی کورد، یان کێشەی کوردستان، گرینگترین کێشەی تورکیایە. بەهەمان شێوەش کێشەی کورد یەکێک لە هەرە فاکتەرە سەرەکیەکانی دیاریکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوە و پەیوەندیە ئابوریەکانە.


عەبدوڵا گول-ی سەرۆک کۆمار لە هاوینی ٢٠٠٩ دا لە گەلێک لە لێدوانەکانی خۆیدا باسی لەوە کرد کە کێشەی کورد گرینگترین کێشەی وڵاتە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆ چارەسەری کێشەکانی تر، وا پێویستە سەرەتا کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

وادێتە بەرچاو کە حکومەتی دەسەڵاتداری ئەمڕۆی تورکیە کە لەژێر دەستی پارتی داد و گەشەپێداندایە، بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی، لە نزیکەوە و بەشێوەیەکی جددیتر لە کێشەی کوردەوە بڕوانێ. هەوڵەکانی بۆ پرۆژە-پلانێک لە ژێر ناوی کرانەوەی بەڕووی کێشەی کورد دا یان کرانەوە بەڕووی دیموکراتیدا لە ئارادان. وا دێتە بەر چاو کە حکومەت لە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد دا بێت.

گەڕانەوە بۆ ڕەگی مێژوویی ئەو کێشەیە کە پێی دەڵێین کێشەی کورد یان کێشەی کوردستان، شتێکی پێویست و بەسودە. دەکرێ لەم بارەوە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخرێنە بەر چاو.

هەوڵدانی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس بە چەک وەڵام دەدرێتەوە.

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، وڵاتانی سەرکەوتوی شەڕ، ئینگلتەرە، فەرەنسا و ئیتالیا، هەوڵێکی زۆریاندا تا وڵاتە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی وڵاتە شکستخواردوەکان، واتە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناو خۆیاندا دابەش بکەن. لە کۆنگرەی پاریس-ی ١٩١٩ و لە کۆمەڵەی گەلان کە لەژێر بڕیارەکانی هەمان کۆنگرەدا پێکهات، یەکێک لە باسە هەرە گرینگەکان ئەو مەسەلەیە بوو. بڕیاری دانانی مەندوب لە سەر ناوچەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆری ئەڵمانی، یەکێک لە بڕیارە گرینگەکانی کۆمەڵەی گەلان بوو. سەرەڕای ئەوەی کە (مەندوب) شێوازێکی بەڕێوەبەریە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ وەک جۆرێک لە داگیرکاری سەیر بکرێت.




لەسەر خاک و ناوچە جێماوەکانی پاشماوەی عوسمانی مەندوبی پلە یەک (ئ) دامەزرێنران، مەندوبی پلەی دوو (ب) لەسەر خاکە داگیرکراوەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و لە ناوچەکانی باشوری ئەفریقادا دامەزرێنران. هەرچی مەندوبی پلە سێ (ج) بوو لە خاکەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا سەری هەڵدا.

لە چوارچێوەی مەندوبە پلە یەکەکاندا، مەندوبەکانی عراق، ئوردن و فەڵەستینی سەر بە بەریتانیا بنیات نران. مەندوبەکانی سەر بە فەرەنساش بریتی بوون لە مەندوبەکانی سوریە و لوبنان. بەمجۆرەش ناوچەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان دوو دەوڵەتی سەرکەوتو لە جەنگدا واتە بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکران.

ئەوەی لەو نێوەندەدا پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بریتیە لەو پرسیارەی کە؛لە کاتێکدا لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گەلاندا، پەیوەندی نێوان گەلان سەرلەنوێ بنیات دەنرایەوە و هەوڵێکی زۆر بۆ بەجێکردنی ئاشتیەکی ناونەتەوەیی لە ئارادابوو، بۆچی وەڵامیک بە دواکاری کورد نەدرایەوە؟ لەو کاتەدا لە باشوری کوردستاندا شێخ مەحمودی بەرزنجی لە هەوڵ و کۆششدا بوو بۆ بنیاتنانی شانشینی کوردستان. داواکاری لە بەریتانیای گەورە ئەوە بوو کە وەک مەلیکی کوردستان بیناسێنن. بەڵام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەو سەردەمە، بەریتانیای گەورە و فەرەنسا، نەک هەر بە کوردستانێکی سەربەخۆ ڕازی نەبوون، بەڵکو تەنانەت کوردستانێکی داگیرکراو (مەندوب) یشیان قەبوڵ نەکرد. هەرگیز بیریش لە کوردستان وەک مەندوبێکی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای گەورە یان فەرەنسا نەکرایەوە. کورد و کوردستان لەت لەت کرا، پارچە پارچە و دابەشکرا. بێگومان ئەو شتەش سەرەڕای نارەزایەتی کورد و بە بەکارهێنانی زەخت و زۆر جیبەجێ کرا، چونکە کوردەکان بۆ دامەزراندنی شانشینی کوردستان لەگەڵ بەریتانیادا لەشەڕ دابوون. لە نێوان بەریتانیا کە گوێی بە داوای کوردەکان نەدەدا و کوردەکاندا شەڕ لە ئارادا بوو.

گەورەترین ئۆپەراسیۆنێک کە کۆمەڵەی گەلان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئەنجامدانی هەڵسابێ، بریتی بوە لە لەت لەت کردن و دابەشکردنی کورد و کوردستان لە ساڵانی ١٩٢٠ دا. دابەشکردن، لەت لەتکردن و پارچە پارچەکردنی کوردستانی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەورەترین و بەرفراوانترین و درێژخایەنترین ئۆپەراسیۆنی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووە. ئاشکراشە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان ئەم ئۆپەراسیۆنەیان بە هاوکاری و کۆمەکی بەڕێوەبەرایەتیەکانی تورک و عەرەب و فارس ئەنجام داوە.

بێگومان لەت لەت بوون و دابەشکردن کاریگەریەکی زۆرقورسی لەسەر کوردەکان دانا. ئەوە وەک لەتلەتکردن و لێکجیاکردنەوەی ئێسقانەکانی لەشی مرۆڤێک، یان وەک لێکبڵاو کردنەوەی مێشک وایە.

کەوابوو دەبێ پرسە سەرەکیەکان ئەمانە بن. هۆکارەکانی سەپاندنی ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکی سیستماتیک بەسەر کوردەکاندا چین؟ ئەم سیاسەتە چۆن چۆنی پێک هات؟ پێکهاتنی سیاسەتێکی لەم چەشنە بە چ قۆناخگەلێکدا تێپەڕی؟ئەم سیاسەتە چۆن چۆنی جێبەجێ کرا و چۆن چۆنی خرایە واری جێبەجێکردنەوە؟ لایەنە بەشدارەکانی جێبەجێکاری ئەو ئۆپەراسیۆنە کێن و پەیوەندیان بەیەکەوە چیە؟ ڕوبەڕوو بونەوە و هەڵوێستی کوردەکان سەبارەت بەو سیاسەتە و جێبەجێکردنی چی بووە؟ وا پێویستە لە ڕێگەی کۆنسێپت و مەفهومی زانستی و سیاسی و دیپلۆماسیەوە بۆ وەڵامی سەرجەمی ئەو پرسیارانە بگەڕێین.

لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە عەرەبەکانیش دابەشکران. بەڵام ئەوان لە شێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی جیا جیا، یانیش بە شێوەی دەوڵەتی مەندوب ئۆرگانیزە کران. هەرچی کوردەکان بوون، لە نێوان دەوڵەتە مەندوبە تازە دروستکراوەکاندا (دەوڵەتە ژێردەستەکان) واتە، عراقی ژێرِ داگیرکاری بریتانیای گەرە، سوریای سەر بە فەرەنسا، کۆماری تورکیەی درێژکراوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانی پاشماوەی ئیمراتۆرِی ئێراندا دابەش و پارچە پارچە کران.

لە ساڵانی ١٩٢٠ دا، کورد یەکێک لە لایەنەکانی ئەو پەیوەندیانە پێک دەهێنێ. هەرچی لایەنی بەرامبەرە، بەریتانیای گەورە کە مەندوبی عێراقی لە ژێر دەستدایە، فەرەنسا کە مەندوبی سوریای لە ژێر ڕکێفدایە، کۆماری تورکیا و حکومەتی شاهەنشای ئێرانن. ئەم چوار زلهێزە، واتە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەوکات کە بەریتانیای گەورە و فەرەنسا بوون، لەگەڵ دوو دەوڵەتە بەهێزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆماری تورکیە و حکومەتی شای ئێران بوون، گەر لێرە و لەوێش دژایەتی و ناکۆکیەکیان هەبووبێ، لە بەرامبەر کوردەکاندا یەکدەنگ و یەک هەڵوێست وەستاونەوە.

پێویستە لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندیانەدا هەڵوێستەیەک لەسەر هەڵوێستی یەکیەتی سۆڤیەتیش بکرێ. یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٢٠ دا و لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا، یەکێکە لەو دەوڵەتانەیە کە لە هەموو لایەک زیاتر باسی لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان کردوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش و سەرباقی هەموو ئەو نارەزاییانەی کورد ئەو کاتە دەریبرِی، لەبەرامبەر لەت لەت کردن و دابەشکردنی کورد و کوردستاندا بێدەنگ مایەوە. مۆسکۆش، هەر وەک لەندەن و پاریس، سیاسەتێکی ئەنتی-کوردی گرتە بەر. لە هاوکێشە و پەیوەندیەکاندا پێویستە پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیەش بکرێ. ئەوەش کە بۆچی یەکیەتی سۆڤیەت لەرێگەی ئەو بنەما و بنچینە سەرەکیانە هیچ هەڵوێستێکی وەرنەگرتوە، مایەی لێ ڕامان و لێوردبونەوەیە.

هەر کاتێک پرسیاری ئەوە دەکرێ کە بۆچی وەکو عیراق، ئوردن، فەڵەستین، سوریا و لوبنان کوردستانیش دانەمەزرا، یەکسەر ئەو وەڵامە دەدرێتەوە کە "باشە، بەڵام لە ناو کورددا شێخ و دەرەبەگایەتی و سیستەمێکی فیئۆدالی جیگیرە، چۆن چۆنی لە پێکهاتەیەکی ئاوا دەوڵەت دروست دەکرێت؟". ئەم وەڵامە هەرگیز وەڵامێکی ڕاست و ڕازیکەر نیە.

با بیرێک لە ساڵانی ١٩٢٠ بکەینەوە. ئایا لە ناو عەرەبەکانیشدا سیستەمی شێخ و عەشیرەت و ئەمیرایەتی وجودی نەبوو؟ تەنانەت ئەم سیستەمانە تاکو رۆژگاری ئەمرۆش لە ناو عەرەبەکاندا درێژەیان هەیە. ئەمرۆکە لە ئۆکەندی بەسرەوە بگرە تا دەگاتە مەغریب، ٢٢ دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەب هەن. کۆمکاری عەرەبی ٢٢ ئەندامی هەیە. بە دەوڵەتی عەرەبی فەڵەستینەوە ئەم ژمارەیە دەگاتە ٢٣ دەوڵەت. بەریتانیای گەورە و فەرەنسا کە ئەو کاتە دوو لە دەوڵەتە داگیرکەرە هەرە بەرچاوەکان بوون، سیاسەتی دژە کورد-ی خۆیان لە سەر داوای فارس و عەرەب و تورکدا، بە پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی خاکەکەیان خستە ڕوو. بێگومان سیاسەت و پیلانەکانی دژ بە کوردی ئەوان و خواست و داوای تورک و عەرەب و فارسەکانیش باس و بابەتگەلێکی شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردنن.

لە دوای شەرِی یەکەمی جیهانیەوە، مەسەلەی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان لە لایەن سەرۆکی ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. و. ویڵسن-یشەوە دانی پێدانرابوو. دوازدەهەمین خاڵی ئەو (بەیاننامەی چوارده خاڵی) یەی لە لایەن سەرۆکی ئەمریکای ئەوکات ویڵسنەوە پێشکەش کرابوو، سەبارەت بە، بەسەربەخۆیی ژیانی ئەو گەل و نەتەوانە بوو کە لە سەر خاکەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەژیان. سەرەڕای ئەو بەندانە، کوردستان و کوردەکان لە ساڵانی ١٩٢٠ دا لەت لەت، پارچە پارچە و دابەشکران. مەسەلەی نەبوونی هیچ جۆرە ستاتۆیەک لە کوردستان و لە ناو کورد دا یەکێک لەو خاڵە هەرە گرینگانەیە کە دەبی هەڵوەستەی لەسەر بکرێ. (موستەعمەرە) خۆی لەخۆیدا ستاتۆیەکە. بۆ نمونە دەگوترێ:"هیندستانی موستەعمەرەی بەریتانیای گەورە"، "جەزائیری موستەعمەرەی فەرەنسا"، "مۆزەمبیقی موستەعمەرەی پورتوگال" و هتد... موستەعمەرە پێناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەر لە هەموو شتێک موستەعمەرە سنورێکی هەیە. موستەعمەرە پێناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە. دەوڵەتێکی موستەعمەرەی خاوەن سنوری دیاریکراو... سنورەکانی ئەم دەوڵەتە موستەعمەرەیە، لەلایەن وڵاتی ئیمپەریال و داگیرکەرەوە دانی پێدانراوە. سیستەمی نێودەوڵەتیش ئەم شتە بەڕەسمی دەناسێ. بۆ نمونە لە دوای شەرِی دوهەمی جیهانیەوە و لە ساڵانی ١٩٦٠ دا وڵاتە داگیرکراوەکانی ئەفریقا، لە رێگەی ئەو سنورانەی لە ١٨٨٥ ەوە بۆیان کێشرابوو سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. مەسەلەی ژیان و بوونی گەلێکی جیاواز لە ناو ئەو سنورانەدا، واتە گەلێکی جیاواز لە ئینگلیز، فەرەنسی و پورتەگالی، لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەر و وڵاتانی تریشەوە دانی پێدانراوە. کەچی لە کوردستاندا هیچ کامێک لەو تایبەتمەندیانە بونیان نیە. شتێک بە ناو سنور بوونی نیە. ناسنامەی کورد و کوردستان دانی پێدا نەنراوە. کوردستان تەنانەت موستەعمەرەیش نیە. ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. حاڵەتێکی تری لە مجۆرە و بەو تایبەتمەندیەوە لە هیچ کوێی دونیادا بوونی نیە.

لە دوای ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، تاکە گەل و نەتەوەیەک کە نەیتوانیوە چارەنوسی خۆی دیاری بکات، گەلی کورد بوە. ئەو گەلانەی لە ناو ئیمپراتۆریەتدا بوونە، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بە پێی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەستیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان کردوە. لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، یۆنانیەکان، دواتریش ڕۆمانیەکان، سربەکان، کرواتیەکان وبولگاریەکان لە ئیمپراتۆریەت جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شەری یەکەمی جیهانی، ئەرنەڤوت و عەرەبەکانیش کەوتنە هەوڵ و خەباتی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینی خۆیان. تاکە گەلێک کە چەندین سەدەیە لەسەر خاکی خۆیان دەژین و نەیانتوانیوە مافی چارەنوسی خۆیان بەدەست بێنن کوردەکانن. ئاشکرایە کە لە ١٩١٥ و پێشتریش، بۆ نمونە لە ١٨٩٤ - ١٨٩٥ دا، لە ١٩٠٩ دا لە ئەرمەنستانی رۆژئاوادا و لە دژی ئەرمەنیەکان قەتلوعام وقەلاچۆکردن ئەنجام دراوە. دەکرێ بڵێین کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستاندا و لە ١٩٢١ دا و لەگەڵ شەپۆلی بە بۆلشەڤیک بوندا ئەرمەنیەکانیش توانیویانە مافی چارەیخۆنوسین بەدەست بێنن. بەبۆلشەڤیکبونی ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان، ڕێگەگر بووە لە دەسبەسەرداگرتن و نفوزی ئیتتیحادیەکان لە ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵاتدا.

## کوردستان: موستەعمەرەی پلە دوو (ژێر)
## گەلێک کە تەنانەت مەستەعمەرەش نیە

ئەمرۆکە لە تورکیەدا مەسەلەی کێشەی کورد زیاتر بە ئاقاری "چارەسەر"دا باسی لێوە دەکرێت. لە کاتێکدا کێشەی کورد، کێشەی کوردستان، بەدەر لە مەسەلەی "چارەسەر"پێویستە لە ڕێگەی مەفهوم و تێگەیشتنی زانستی، سیاسی و دیبلۆماسیەوە سەرلەبەری لایەنەکانی بە وردی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە. پێویستە بزانین چۆن چۆنی سیاسەتی لەت لەتکردن، پارچەپارچەکردن و دابەشکردن داهێنراوە و چۆن چۆنی خراوەتە واری جێبەجێ کردنەوە. لە دارشتن و پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەدا چ کەس و لایەنگەلێک دەوریان هەبوە؟کامانەن ئەو دەرەنجامانەی لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو جۆرە سیاسەتەوە هاتونەتە ئاراوە و بە شێوەیەکی فراوان و لە ڕێگەی ڕاستیە زەق و بەرچاوەکانەوە لێی بکۆڵدرێتەوە. بێگومان مەسەلەی لاوازی کوردەکانیش لەم ڕەوتە دا لایەنێکی ئێجگار گرینگە و دەبێت لێوردبونەوەی قوڵی بۆ بکرێ. گەر بێتو ئێوە لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا کەوتبنە ژێر کاریگەری سیاسەتێکی لە چەشنی (دابەشکردن-بەرێوەبردن-لەبەینبردن) ئەوە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئێوە بێهێز و بێتوانا بونە. هێزەکانی دژتان، کەڵکیان لەو بێهێزیەی ئێوە وەرگرتوەو سیاسەتێکی لەو چەشنەیان دارشتوە و بەسەریاندا پیادەکردوون. کەوابێ، لاوازی و بێهێزی کوردیش پێویستە لە ڕێگەی مەفهومەکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیەوە لێی بکۆڵرێتەوە.

لەت لەت بوون، پارچە پارچەبوون و دابەشکردنی کورد و کوردستان لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕاستیەکمان بۆ دەردەخات. ئەویش بریتیە لەوەی؛ گەر بێت و گەلێک یان وڵاتێک لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا ڕووبەڕووی دابەش بوون، پارچە پارچە بوون و لەتبوون بێت، ئەو گەلە ناتوانێ جارێکی تر خۆی کۆ بکاتەوە و ڕاست بێتەوە. ئەم دابەش بوون و کەرتکەرت بوونە تا دێت زیاتر پەرە دەستێنێ و بەردەوام دەبێت. لە درێژەی ئەو ڕەوتەشدا، دابەش بوون دەگاتە ناو عەشیرەتەکان و ناو بنەماڵەش دەگرێتەوە. تەنانەت لە ناو یەک بنەماڵەشدا براکان لە ناو دوولای دوژمن و دژ بەیەکدا خۆ دەبیننەوە.

ئەرمەنیەکانیش کێشەیەکی ئاوایان هەیە. بەلام ئاشکرایە کە کوردەکان زۆر بە سەختتری توشی ئەو کێشەیە بوونە. لەبەر ئەوەی ئەرمەنستان کە لە سەدەی ١٧ دا لە نێوان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئیمپڕاتۆریەتی ئێران و لە سەدەی ١٩ شدا لە نێوان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیدا مابووەوە، چەندی هەوڵیاندا نەیانتوانی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆخۆیان پێک بێنن. سیستەمی پاشایەتی (قەیسەر) ی ڕوسیا و بەڕێوەبەرێتی عوسمانی بۆ نانەوەی ناکۆکی و بەیەکدادانی ئەرمەنەکان لە ناو خۆیاندا، هەموو ڕێوشوێنێکیان گرتە بەر. هەرچی کوردستان و کوردەکانن، یەکەمین دابەش بوونی کاریگەریان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٤١٥ کە لە نێوان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئیمراتۆریەتی سەفەوی ئێرانیدا بوو. لەو شەڕەدا کە لە نێوان یاڤوز سوڵتان سەلیم و شا ئیسماعیل دا ڕویدا، کورد و کوردستان بەسەر دوو پارچەدا دابەشکرا. هەڵکەوتی کوردستان کە گۆڕەپانی سەرکی ئەو شەرە بوو ڕۆڵێکی کاریگەری لەم دابەشبوونەدا گێڕا. هەرچی لایەنە کاریگەرەکەی تری سەر ئەم مەسەلەیەیە، هەوڵی هەردوو لایە بۆ پەلکێشکردنی هەرچی زیاتری کوردەکان بۆ ناو مەیدانی ئەو شەڕو پێکدادانە. ئەم دابەشکردن و پارچە پارچەکردنە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٧ دا و لە ساڵی ١٦٣٩ و بە پەیمانی (قەسری شیرین) ڕەسمیەتی پێ دەبەخشرێ.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی ١٩ دا و لە کۆتای شەڕی نێوان ڕوسیا و ئێراندا لە ساڵانی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ دا کوردستانی بەشی ئێران، دابەش دەکرێتە سەر دوو بەش. بەشی باکوری ناوچە دابەشکراوەکان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیا. کوردستان و کوردەکان هەر لە سەدەی ١١ هەمەوە و بگرە لە زووتریشەوە لە ناوچەی قەفقاسیادا بوونیان هەبوە. بۆ نمونە حکومەتی شەدادی و ڕەوادیەکان دەم نا دەمێک چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی قەفقاسیایان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هەر ئەم سەرزەمینانەن کە لە چارەکی دوەمی سەدەی نۆزدەدا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی قەیسەری ڕوسیا.

بەڵام ئەو سەردەمە دیاریکراوەی ئەمڕۆکەی لێوە بەرهەم هاتوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوداوانەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دوابەدوای ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی هاتنە ئاراوە. لە ١٦ی مایسی ١٩١٦ دا پەیماننامەی سایکس-بیکۆ، کە لە نێوان بەریتانیای گەورە، فەرەنسا و قەیسەری روسیای دا ئیمزا کرا، لەگەڵ پەیماننامەی (St. Jeanne de Maurienne) و بە هاتنە ناوەوەی ئیتاڵیاش بۆ پەیمانەکە بۆمان دەر دەکەوێ کە چۆن چۆنی پیلانی پارچە پارچەکردن و دابەشکردنەکە ئامادە کراوە.

پەیماننامەی (سیڤەر) کە لە ١٠ی ئۆگۆستی ١٩٢٠ دا ئیمزاکراوە، پەیمانێکی هەمەلایەنەی تری ئەو ڕەوتەیە، بەڵام پەیماننامەیەکی تەواو نیە و نەکەوتۆتە واری جیبەجێکردنەوە. دوایین پەیماننامەش کە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ دا ئیمزا کراوە، پەیماننامەی لۆزان-ە. ئەمەیان پەیماننامەیەکە کە لەتلەتبوون، پارچە پارچە بوون و دابەشبوونی کورد و کوردستانی بەتاوەتی بەڕەسمی ناساند. یەکێک لە تایبەتمەندیە بەرچاوەکانی سیڤەر ئەوە کە بە ئاشکرا باس لە کورد و کوردستان دەکات.

ئەمرۆکە ڕێژەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسە و کوردەکان لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە، بۆ نمونە لە ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە هاتنی عیساوە، لەسەر خاک و وڵاتی خۆیان دەژین. هەرچی هاتنی تورکەکانە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەهەم و یازدەهەمی زایینی. بەڵام کوردەکان، سەرباقی ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانیان، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئەو وڵاتە پان و بەرینەن، تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا خاوەنی قەوارەیەکی بچوکی دانپیانراوی سیاسی نین. لەگەڵ گوتنی ئەم شتەدا، وا هەست دەکەم پێویستە بە شێوەیەکی جیا سەبارەت بەو پێکهاتەی لە باشوری کوردستاندا بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتوە، و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نادیاری و ناڕوونی ئاسۆ و مەوداکانی زیاتر و زیاتر دەبن، بکۆڵرێتەوە.

سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرە، کوردەکان نە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا، نە لە کۆنسەی ئەوروپا، نە یەکیەتی ئەوروپا و نە لە ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیدا خاوەنی هیچ پێگە و قەوارەیەکی سیاسی ڕەسمی نین. تەنیا کاتیک باسی "تیرۆر" دەکرێ، ناوی کوردەکان دێتە سەر زمان. بۆ نمونە کاتیک دەڵێن" ڕەگ و ڕیشەی تیرۆر هەڵدەکەنین، تیرۆر لە بەین دەبەین، تیرۆر ناهێڵین و لە ناوی دەبەین... "

کاتێکیش باس لە تیرۆر کرا، تەنیا ناوی کوردەکان لەسەر زارە. بۆ نمونە؛میلیتانێکی سوننی مەزهەب بەخۆی و بەو بۆمبایانەی لە خۆی بەستوە، خۆ بەناو مزگەوتێکی شیعەکاندا دەکات، لەناو ئەوانەدا کە خەریکی عیبادەت و ئیماندارین خۆی دەتەقێنێتەوە. ٦٠ - ٧٠ کوژرا و ١٥٠ - ١٦٠ برینیدار... چەند ڕۆژێک دواتر میلیتانیکی شیعە هەمان کردوە لە مزگەوتێکی سونیەکاندا ئەنجام دەدات. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیش، بۆ نمونە ڕاگەیاندنی تورک، ئەوانە بە خۆڕاگر و بەرهەڵستکار ناو دەبات. هەمان ئەو شتانە بۆ نمونە لە پاکستانیش دوبارە دەبنەوە. بەوانیش هەر دەڵێن خۆڕاگر. هەرچی جیهانی ئیسلامیشە لە ئەندەنوزیاوە تا دەگاتە مەغریب، کە بەرامبەر کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەر موحەمەد یەک پێ هەستان و ناڕەزایەتیان دەربڕی، ئەم کردەوانە بە کردەوەی زۆر ئاسایی و سروشتی لێک دەدەنەوە.

## بەراوردکردنەکان...

ئەمرۆکە ٢٠٧ وڵات لە دونیادا هەن. ٢٠٤ وڵات بەشداری یاریەکانی ئۆڵۆمپی ٢٠٠٤ی ئەتینا-یان کرد. بۆ یاریەکانی ئۆڵۆمپی ٢٠٠٨ یش ٢٠٦ وڵات بەشداریان کرد. ژمارەی دەوڵەتەکان ئەمڕۆکە ٢٠٧ دانەیە. ١٩٢ دەوڵەت لە مانە، ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانن...

لە ناو ئەو ٢٠٧ دەوڵەتەدا، بە دەیان دەوڵەت هەن کە ڕێژەی دانیشتوانیان کەمتر لە ملیۆنیکە. بۆ نمونە هەر لەوانەی ئەندامی یەکیەتی ئەوروپان، دەکرێ ئاماژە بە هەریەکە لە لوکسامبورگ، قبرس، ماڵتا بکەین کە ژمارەی دانیشتوانیان لە خوار ملیۆنێکە. هەرچی سلۆڤینیا، ئەستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا شن، ڕێژەی دانیشتوانیان نزیکەی ٢ تا ٣ ملیۆنە. ئەوەش کە کوردەکان بەو هەموو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانەوە نەبونەتە خاوەنی هیچ یەکەیەکی سیاسی، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە هەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ و لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەی گەلانەوە چ ناحەقی و نادادپەروەریەک لەبەرامبەر کوردەکان دا کراوە و چۆن چۆنی خراونەتە پەراویزەوە.

ئەندۆرا، سان مارینۆ، مۆناکۆ، لیشتنشتاین ئەندامانی کۆنسەی ئەورپین کە سەرجەم ٥٣ ئەندامی هەیە. سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی ئەم چوار وڵاتە ٤٠ - ٥٠ هەزار کەسە. لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتانە بەم ڕێژە کەمەی دانیشتوانەوە کەهەیانە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، بیگومان وا پێوست دەکات مەسەلەی نەبوونی دەوڵەت و تەنانەت ئۆتۆریتەیەکی بچوکی سیاسی بۆ گەلێکی ٤٠ ملیۆنی وەک کورد، ببێتە بابەتێکی گرینگی جێگەی باس و گەنگەشەی سیستەمی نێونەتەوەیی دونیا. لە یەکیەتی ئەورۆپادا تەنیا ڕیژەی دانیشتوانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئینگلتەرە و ئیسپانیا لە ڕێژەی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا زیاترە. ڕەنگە ڕێژەی دانیشتوانی وڵاتی پۆڵۆنیا هێندەی کوردەکان بێت، ئەو ٢٠ دەوڵەتەی دەمێننەوە، ڕێژەیەکە لە نێوان ٥٠ - ١٠ بۆ ١٥ - ٢٠ ملیۆن. لە کۆنسەی ئەورۆپاشدا حاڵەتێکی لەهەمان شێوە لە ئارادایە. تا بەر لە ساڵی ١٩٧٤ و "ئۆپەراسیۆنی ئاشتی" لە قبرسدا تەنیا نزیکەی ١٦٠ هەزار تورک دەژیان. لەدوای "ئۆپەراسیۆنی ئاشتی" بەردەوام تورک گوازرایەوە بۆ

قبرس. ئەمڕۆکە ڕێژەی تورک تیایدا نزیکەی ٢٠٠ هەزارە. تورکیە لە سەرجەمی پەیوەندیەکانی خۆیدا لە نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆنسەی ئەوروپا، یەکیەتی ئەوروپا و پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆنگرەی ئیسلامی و پەیوەندیە دوقۆڵیەکانیدا لەگەڵ وڵاتاندا داوای بەڕەسمی ناسینی"کۆماری تورکیەی باکوری قبرس" دەکات. هەر ئەو تورکیایەی بۆ تورکەکانی قبرس ئەم داوایەی هەیە، هەر کە باس دێتە سەر کوردەکان، بەردەوام لە ڕێگەی سیاسەتی ئینکاری و پاکتاوکردن مامەڵەدەکات و هەر ئەم سیاسەتەش لایەنی سەرەکی سیاسەتی سەقەتی دەرەوەی تورکیا پێکدێنێت.

## مەودای ئەخلاقی پەیوەندە نێودەوڵەتیەکان

دەگوترێ کە لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا، بەرژەوەندی دەوڵەت لە پێشەوەی هەموو پیلانێکدا جێ دەگرێ و هەموو دەوڵەتێک لە ڕەوتی ئەم پەیوەندیانەدا، هەوڵ دەدات بەر لە هەموو شتێک بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت. دەگوترێ کە بەرژەوەندی دەوڵەت یەکێکە لەو دینامیک و پاڵنەرە سەرەکیانەی دارێژەری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانە. ئەمە شتێکی ئاشکراو مایەی تێگەیشتنە. بەڵام دیسانیش دەبێ هەندێک لایەن و پرەنسیپی ئەخلاقی وەبەر چاو بگیرێ.
ئەوەی لێرەشدا دەمێنێتەوە و شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئەویە کە کوردەکان ٢٠٠ ساڵە درێژە بە خەبات و تێکۆشانیان دەدەن لە پێناوی ئازادی و بەدەست هێنانی وڵاتێکی ئازاد دا و بەردەوامن لە قوربانیدان لەو پێناوەدا. ئەو وڵاتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، تەنانەت ئەو قوربانی و فیداکاریانەشیان نەکردوە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژەیەکیش بەو لایەنە بکرێت. ئەو دەوڵەتانەی ناویان هاتوە، ڕوبەڕووی هیچ پێشگیریەک نەبوونەوە بۆ بەدەست هێنانی مافی بەدەوڵەت بونیان، تەنیا کوردەکانن کە تەنانەت باس لەو ناحەقیەش ناکرێ کە دەرهەقیان کراوە.
هێنانە بەر باسی ئەو مەسەلەی کە لە کێشەی کورد و لە کێشەی کوردستاندا هیچ چەشنە بنەمایەکی ئەخلاقی وەبەر چاو نەگیراوە، لایەنێکی گرینگی تری مەسەلەک پێک دەهێنێت. ئاخۆ بێدەنگی جیهان سەبارەت بەو قڕکردنەی لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ دا سەبارەت بە کوردەکانی باشوری کوردستان ئەنجام درا، هەڵوێستێکی ئەخلاقی بوو؟ئاخۆ فرۆشتن و فەراهەمکردنی کەرەستە و مادەی خاو بۆ بەرهەم هێنانی گازی ژەهراوی بۆ سەددام حوسێن لە لایەن دەوڵەتانەوە حاڵەتێکی ئەخلاقیە؟ئاخۆ گۆڕینەوەی زانیاری و ئاڵوێری تەکنەلۆژی بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن دەوڵەتگەلێکەوە کە بوونە ئالیکاری سەددام حوسێن لەم کارەدا شتێکی ئەخلاقیە؟ سەرباقی ئەوەی ئەوێ ڕۆژێ کۆنگرەی ئیسلامی لە کوەیتدا لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا بوو. ئاخۆ بێدەنگی نواندنی کۆنگرەی ئیسلامی سەبارەت بەو قڕکردنەی کوردەکان لەگەڵ بنەما ئەخلاقیەکاندا یەک دەگرێتەوە، هەر ئەو کۆنگرەیەی ڕاگەیاندراو و بەیاننامە دەردەکات سەبارەت بەو زوڵمەی دەرحەق بە تورکەکانی یۆنان، سەبارەت بە گۆڕینی ناوی تورکەکان لە بولگاریادا بڵاو دەکاتەوە!! لە بەڕێوەبردن و هێنان و بردنی کوردەکاندا هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی وەبەرچاوناگیرێ. بێگومان لە شوێنێکدا کە تەواوی بنەما ئەخلاقیەکان دەکەونە ژێر پێ و تا خاڵی سفر دادەبەزن، باسکردن لە ماف و دادپەروەری هیچ مانایەکی نیە. هەرچی بەرەنگار بونەوە و خۆڕاگریشە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆریە و سەبارەت بە مانەوە بەو بارودۆخەیە، حەق و مافێکی سەرەکیە.
هەر یەکە لە یەکیەتی ئەوروپا و کۆنسەی ئەوروپی، چەند بڕیارێکیان سەبارەت بە کورد هەیە. لەم بڕیارانەدا دەگوترێ کە "کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین، هەندێک مافی گشتی و چەند مافێکی تاکەکەسیان هەبێت. پێویستیشە وڵاتە پەیوەندیدارەکان لەم پێوەندەدا ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر. " ئەم بیروڕایانە لە ڕستەی دوهەمدا شی دەکرێنەوە. هەرچی ڕستەی یەکەمیشە دەڵێ:" ئێمە دژی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆین بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. " هەم یەکیەتی ئەوروپا و هەم کۆنسەی ئەوروپی لەم پەیوەندیەدا چەند بڕیارێکیان هەیە. یەکیەتی ئەوروپا و کۆنسەی ئەوروپی تەنانەت ئەو کاتەی باس لە هەندێک لە مافە سروشتی و بنچینەییەکانی کوردیش دەکەن، بە پلەی یەکەم مەسەلەی مافی ئەو دەوڵەتانەی بەیەکەوە کوردستانیان خستۆتیە ژێر زەبری زوڵم و زۆری خۆیان و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ڕەچاو دەکەن، ئەمەش حاڵەتێکی مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە. لەلایەکی تریشەوە، کە باس لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دەکرێت، ئاشکرایە کە مەبەست لێی تەنیا کوردەکانن. ئەگینا مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستینی چ لە لایەن یەکیەتی ئەوروپا و چ لەلایەن کۆنسەی ئەوروپیشەوە مایەی بایەخپێدانە و تەنانەت پشتیوانیشی لێ دەکرێ.
لێکۆڵینەوە و وردبونەوە لەم پەیوەنیانە کارێکی پێویست و بەجێیە. ئەو بڕیارانەی لەسەرەوە بە کورتی باسیان لێوە کرا، لەلایەن دەوڵەتگەلی وەک لوکسامبۆرگ، قبرس، ماڵتە و هەروەها دەوڵەتەکانی وەک ئاندۆرا، سان مارینۆ، مۆناکۆ و لیشتنشتاین-یشەوە ئیمزا کراون. کەوابوو پێویستە بپرسین: ئەو دەوڵەتانەی ژمارەی دانیشتوانیان ٤٠ - ٥٠ هەزار کەسێک دەبێت، یان ئەوانەی ژمارەکەیان لەخوار ملیۆنێکەوەیە، چۆن چۆنی ئەو مافە بەخۆیان ڕەوادەبینن لە کاتێکدا کوردەکان بەخۆیان و بە ڕێژەیەکی ٤٠-٥٠ ملیۆنی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خاوەنی مافی چارەیخۆنوسین نین؟خاکی ئەو وڵاتانە ڕەنگە هێندەی شارۆچکەیەکی کوردستانیش نەبێت. ئاخۆ هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی لەم پێوەندیانەدا بوونی هەیە؟ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ لەم پەیوەندیانەدا بەدوای کەمترین ئاستی ئەخلاقی سیاسیدا بگەرێت؟سەرلەبەری ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە سیستەمی ناونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە چۆن چۆنی دژ بە کوردەکان دارێژراوە.
کۆمەڵەی گەلان لە هێنانە ئارای ئاشتیەکی ناونەتەوەییدا سەرکەوتو نەبوە. کۆمەڵەی گەلان نەیتوانی پێش بە شەڕی دوهەمی جیهانی بگرێت. لە ١٩٤٥ و دوابەدوای شەڕی دوهەمی جیهانی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرێنرا. بەڵام بۆ کوردەکان هیچ گۆڕانکاریەک نەهاتە ئاراوە. ئەو بنەمایانەی لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە بێ ڕەزامەندی کورد داسەپێنران بەهەمان شێوە دامەزرێنرانەوە و درێژەیان پێ درا. شەرەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجی ڕوداوگەلی دیار و بەرچاوی ساڵانی ١٩٢٠ بوون. دوابەدوای دامەزرانی نەتەوەیە گگرتوەکانیش لە ڕۆژئاوای ئێراندا دامەزرانی کۆماری مەهاباد و ڕوخانی ڕوداوگەلی دیار و بەرچاو ی ئەو سەردەمە بوون.

## نەتەوەپەرستی - ڕەگەزپەرستی

لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا بە باشوری ئەفریقایان دەگوت" ڕەگەزپەرستترین دەوڵەتی دونیا". ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بە ڕەگەزپەرستی تاوانبار دەکرا. بەڕێوەبەرێتی سپی پێستەکان لە باشوری ئەفریقا و سپی پێستەکان بە خەڵکە خۆماڵیەکەیان دەگوت:" ڕەنگی ئێوە ڕەشە، تێکەڵاوی ئێمە مەبن. با گەڕەکەکانتان، خوێندنگاکانتان، پاسەکانتان، هوتێلەکانتان، سینەماکانتان، پارک و پلاژەکانتان جودا بێت. " بۆ جیبەجێکردنی ئەو شتەش ناوچەی بەرفراوانی چواردەور تەلبەندکراویان پێکهێنا بە ناوی (بانتوستان) . هەر لە بنچینەدا "بانتوستان"بەو شوێنە دەگوترێ کە ڕەشپێستەکان تیایدا دەژین. ڕەشپێستەکان لەم شوێنانەدا و بێ ئەوەی تێکەڵاوی سپیپێستەکان بن ژیانیان بەسەر دەبرد. خزمەتگوزاریەکانی وەک ڕێگاوبان، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ گەیاندن و پەیوەندی و بە گشتی ژێرخانی ئابوری لەو ناوچانەدا کە پێیان دەگوترا "بانتوستان " گەلێک لاواز و لە ئاستێکی نزمدا بوو. لەم بارەیەوە خەڵکانی خۆماڵی ئەو ناوچانە لەژێر غەدر و زوڵمێکی بێ ئەندازەدا ژیانیان بەسەر دەبرد. بەڵام خەڵکانی خۆماڵی ئەو ناوچانە، بەپاراستنی ناوچە خودموختارەکانی خۆیان وپاراستنی عورف و عادەتەکانی خۆیان درێژەیان بە ژیان دەدا. خەڵکە ڕەسەنەکە خۆیان خۆیانیان بەڕێوە دەبرد.
لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشدا، سیاسەتێکی لەو شێوەیە لە دژی ڕەشپێستەکان بەڕێوە دەچوو. خوێندنگە و هوتێل و پاسی ڕەشپێستەکان جیاواز بوون. بۆ دورخستنەوەی ڕەشپێستەکان لە سپیپێستەکان

سیاسەتێکی تۆکمە و ورد پیادەدەکرا.

هەرچی سەبارەت بە تورکیایە، لەوی بە کوردەکان دەگوترێ:تۆ لەگەڵ تورکەکاندا دەژیت، بەڵام دەبێ وەکو تورکەکان بیت و بەوێچونت بە تورکەکانەوە بژیت. لەم ڕەوتەشدا گەر بڵێی"ئەی زمانی خۆم، کەلتوری خۆم و... هتد" مایەی قەبوڵکردن نیە. هیچ شانسێکی تر نیە جگە لەوەی بە وێچون بە تورکەوە بژیت. گەر بە پێداگریەوە باس لە زمانی خۆت و کەلتوری خۆت بکەیت، توشی زوڵم و زۆریەکی ئێجگار گەورە دەبیتەوە... ئەمەشیان هەر ڕەگەزپەرستیە، شێواز و ڕوخسارێکی تری ڕەگەزپەرستیە. دەمەوێ ئەوە بڵێم؛ڕەگەزپەرستی لە "تۆ لەگەڵ مندا، لەگەڵ تورکەکاندا دەژیت، بەڵام بە وێچونت بە تورکێک" بەرامبەر بە "تۆ مەیە ناو من، تێکەڵاوی سپیپێستەکان مەبە، لە شوێن و جێگەیەکی تردا بژی.. " لەزۆر دیدگاوە، ڕەگەزپەرستیەکی توند و تۆخترە. بۆ نمونە، سەرکردەی گۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا، نیلسۆن ماندێلا، لە ١٩٩٠ لە زیندان هاتە دەر و لە هەڵبژاردنی ساڵی١٩٩٤ دا وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. هەرچی (دێ کلێرک) سەرۆکی دەوڵەتی سپیەکان کە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ نیلسۆن ماندێلای لە زیندان دا هێشتەوە، بوو بە یاریدەدەری سەرۆک کۆمار. ئەمە دەربڕی ئەو ڕاستیە گرینگەیە کە بۆمان دەردەخات ئایدۆلۆژیای ڕەسمی لە باشوری ئەفریقادا گۆڕانی بنەڕەتی تێدا پێک هاتوە. ئاشکراشە کە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی لە تورکیادا چەندە توند و تیژ و نەگۆڕە. لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە خێرا کۆمەڵایەتیانەی لە پەیوەندیە سیاسیەکاندا بەرچاو دەکەوێ هەوڵی بەردەوامیش لە ئارادایە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئایدۆلۆژیا رەسمیە. بێگومان ئەو هەڵوێست و ڕیچکەیەی ڕژێمی تورکیا و سیستەمی سیاسی لە تورکیا گرتویەتە بەر هەڵوێستێکی دیموکراتیانە نیە.

باس لەوە دەکرێ کە ڕەگەزپەرستی و هیچ جۆرە هەڵاوێردنێک لەگۆڕیدا نیە، هەموو کەسێک و تەنانەت کوردەکانیش دەتوانن بگەنە هەموو پلەو پایەیەکی سیاسی و لە بەڕێوەبەرێتی سیاسیدا شوێنی خۆیان بگرن. دەڵێن کە "کوردەکانیش دەتوانن پۆستی والی (پارێزگار) بگرنە دەست، دەتوانن ببن بە ئەندامی پەرلەمان، ببن بە پرۆفسۆر و سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆمار. " ئەمە جۆرێک لە ئیستغلال و دیمۆگۆژیە. حاشا هەڵنەگرە کە کوردەکان تەنیا کاتێک دەتوانن ئەو پۆستانە بگرنە دەست کە ببن بە تورک و و بە پێناسی تورکەوە دەگەنە ئەو پلەو پایانە و بە ناسنامەی کوردبونیانەوە ناتوانن بگەن بە هیچ شتێک. هەر لە ئەساسدا هەموو کەسێک و لەوانەش کوردەکان، هەر لە گەڵ لەدایک بونیاندا لە ناسنامەکانیان دەنوسرێ کە تورک و هاووڵاتی تورکن. هەر بەم پێناسەشەوە، واتا وەک تورکێک دەتوانن بەشداری لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا بکەن. بەڵام هەر لەدوای هەڵبژاردنیان وەک ئەندامی پەرلەمان، گەر بێت و داوای مافە سروشتی و سەرەتاییەکانی کورد بکەن و لەم مەسەلەیەدا پێداگری بنوێنن، توشی کاردانەوە و سزای گەلێک قورس دەبنەوە. ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی لە ناسنامەکانیاندا وەک تورک و هاوڵاتی تورک ناسێنراون توانیویانە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، (ئۆکتۆبری ١٩٩١) دوای ئەوەی بوون بە ئەندام پەرلەمان، لەبەر ئەوەی گوتیان ئێمە کوردین، لەبەر ئەوەی دیفاعیان لە مافە سروشتیەکانی کورد کرد، لەبەر ئەوەی پێداگریان لەم مەسەلەیدا کرد، حەسانەیان لێ سەندرایەوە و خرانە کونجی زیندانەوە (ئاداری١٩٩٤) . هەر بەم پێیەش لە ژیانی سیاسی تورکیادا لێسەندنەوەی حەسانەی نزیکەی ١٥ ئەندام پەرلەمان لە ئان و ساتێکدا شتێکی مومکین و ئاسایی بوە. ئەم شتەش تەنیا لە چوارچێوەی کێشەی کورددا جێبەجێ کراوە.

ئەمرۆکە کوردو کوردستان، لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەبەرامبەر لەت لەت بوون، پارچەپارچە بوون و دابەشبووندا، لە پێناو ژیان و مانەوەدا خەبات و بەرخودانی خۆی دەکات. هەموو ئەو مافانەی بۆ هەموان سروشتی و ڕێگەپێدراون، ئەو مافانەی هەموو مرۆڤێک بە مرۆڤ بوونی خۆیەوە خاوەنیانە، لە کوردەکان یاساخ کراون. ئەو مافانە بۆ کۆمەڵگای کوردی یاساغن. کوردەکانی سوریا و ئێران و تورکیە لە ژێر بەڕێوەبەریەتیەکی گەلێک خراپدان و لەژێر زوڵم و زۆریدا ئیدارە دەکرێن. لە سەردەمی سەددام حوسێنیشدا بەڕێوەبەریەتیەکی گەلێک خراپ لە عراقدا بوونی هەبوو. لە سوریا نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد ناسنامەیان نیە. ئەم کوردە بێ ناسنامانە، ناتوانن هیچ شتێک بکڕن، بفرۆشن و ناتوانن بچن بۆ خویندنگە و نەخۆشخانە و هتد. لای هەموان ئاشکرایە کە لە سەردەمی سەددامدا کوردەکان بە گازی ژەهراوی قرکران. لەم ساڵانەی دوایشدا ئەوانەی لە ئێران لە سێدارە دراون زۆربەیان کوردن، کچ و کوڕی گەنجی کوردن. ئەمرۆکە قەندیل کە پەناگاو بارەگای گەریلاکانی پ. ک. ک تیایدا جێگیرە، ڕۆژێک لەلایەن تورکیاوە و ڕۆژی دواتریش لەلایەن ئێرانەوە بۆردومان دەکرێت. ڕۆژی سێهەمیش بەهەردوکیان بۆردومانی دەکەن. هەرچی حکومەتی عراقیشە هیچ دەنگێکی بەرابەر بەو بۆردومانانەوە لێوە نایەت. ئەو بۆردومانانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مەحکوم کراون. خەڵکی ئەو ناوچانەش زەرەرمەندی ئەو بۆردومانانە بوونە. لە نێوان دەوڵەتەکانی تورکیا و سوریا و ئێران وعراقدا ڕەنگە زۆر ناکۆکی لە ئارادابن، بەڵام هەر کە کێشەی کورد هاتە بەر باس، هەموویان یەک دەنگ بەرەنگاری کوردەکان دەبنەوە.

با بیرێک لە" کۆبونەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق" بکەینەوە. ئاخۆ دەبێ ماناو مەفهومی ئەم پێکهاتەیە چی بێ کە لە کۆتاییەکانی ١٩٩٩ و سەرەتاکانی ٢٠٠٠ دا دروست بوە؟لە کوی دونیا کۆبونەوەیەکی لەو جۆرە بەرچاو دەکەوێ؟بۆ نمونە لە ئەفغانستانیش کیشەیەکی لەو جۆرە هەیە. ئاخۆ پێکهاتە و گردبونەوەیەک لە ژێر ناوی " کۆبونەوەی وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان" هەیە؟ ئاخۆ کۆبونەوەی لەژێر ناوی " کۆبونەوەی وڵاتانی دراوسێی مەجارستان" هەیە؟ وا دیارە لە کۆبونەوەی وڵاتانی دراوسێی عراقدا باس لەو چاکە و باشیانە دەکرێ کە دەرهەقی کورد دەکرێ!!

## لەبیر مەکە - مەهێڵە لەبیرکرێ

لە کێشەی کوردستاندا حاڵەتێکی بەرچاوی لەبیرمەکە-مەهێڵە لەبیرکرێ هەیە. ئەو سەختی و دژواریانەی کورد لە ساڵانی ١٩٢٠ دا تیایدا ژیاوە نەبونەتە هۆکاری شیواندنی زاکیرەی کورد. بە بڕوای من باشترین هۆکارێک بۆ بەردەوامی مەسەلەی لەبیرمەکە-مەهێڵە لەبیرکرێ، ئایدۆلۆژیای ڕەسمیە. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی هیچ جۆرێکی ئایدۆلۆژیا نیە، جگە لەو ئایدۆلۆژیایەی کە دەوڵەت لە ڕێگەی سزادان و گەمارۆی جۆراوجۆری ئیداریەوە پەرەی پێ دەدات. لە مەسەلەی پارچەپارچەکردن، لەتلەتکردن و دابەشکردندا لەدەستدانێکی گەورەی یادەوەری (زاکیرە) بەرچاو دەکەوێ. دروشم و شوعاری "برایەتی"، یەکیکە لەو دروشمانەی نەمان و لەدەستدانی یادەوەری پی دادەپۆشرێ و درێژە بە لەیاد چونەوە و نەمانی ئەو زاکیرەیە دەدات. لەدەستدانی یادەوەری گشتی، تەنیا هەر لە ناو گەل و کۆمەڵگەی کوردا بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو بە ڕێژەیەکی بەرچاویش لە لێکۆڵەرەوە کوردەکان و ڕۆشنبیرانی کورد دا بەدی دەکرێت. ئەم لەدەستدانی یادەوەریە لە نێو لیکۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەکاندا، لە ناو ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواو و ئەکادیمیسیەنەکانی زانکۆ ڕۆژئاواییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێ. زانکۆییەکانی ڕۆژئاوا و لێکۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ خۆ لێنەدان و نەچونە ناو باسی لەتلەت بوون، پارچەپارچە بوون و دابەشبوونی کورد و کوردستان پارێز و وردبینیەکی تەواو نیشان دەدەن. بە بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک باس لە دابەشبوون، لەتلەتبوون و پارچەپارچە بوون بکەن و هیچ سەرنجێکی دیار لەسەر ڕەوتی ئەم ڕوداوانە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە باس لە "کوردستانی عراق"، "کوردستانی ئێران"، "کوردستانی سوریە" و"کوردستانی تورکیە" دەکەن. ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە لەم حاڵەتە لەژێر هزر و بنچینە سیاسی و زانستی و دیپلۆماسیەکان دا کارێکی بەسود و پێویستە. پێویستە ئەم مەسەلەیەش یەکێک لەئەرکە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی بیرمەندی کورد، ڕۆشنبیری کورد، ڕاگەیاندن و مێدیای کوردی و سیاسەت و دیپلۆماسیەتی کورد بێت.

کێشەی کورد یان کێشەی کوردستان، بەر لە هەموو شتێک کێشەیەکی ویژدانیە. هەمووی ئەمانە پێویستە ببنە بەشێک لە ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوانانی تورک و عەرەب و فارس و ڕۆژئاواش.

## کورد و تێکۆشان بۆ ماف و ئازادی

لە دابەشکردن و پارچەپارچەکردن و لەتلەتکردنی کورد وکوردستان دا هەرگیز وەبەرچاوگرتنی بنەما ئەخلاقیەکان لە لایەن بەڕێوەبەرانی کوردەوە بیری لێ نەکراوەتەوە. ئەو دەوڵەتانەی بە هاوبەشی حوکمان بەسەر کوردداکردوە، بەردەوام هێزی سیاسی و ئایدۆلۆژی و عەسکەری و دیپلۆماسی خۆیان بە هاوبەشی لە دژی کوردەکان بەکار هێناوە. ئاشکراشە کە بوونی بلۆکێکی ئاوا بە بەردەوامی لە دژی کوردەکان، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ڕێگە خۆشکەر بوە بۆ دەستگرتن بەسەر کوردەکاندا بەشێوەیەکی ئاسان. بێگومان خەبات و تێکۆشانی کوردەکانیشی لاواز و قورستر کردوە.
تا کۆتاییەکانی شەری دوهەمی جیهانی ئەو هێزانە بریتی بوونە لە هەریەکە لە ئینگلتەرە، فەرەنسا، کۆماری تورکیە، ئێران (فارسەکان) و عەرەبەکان. هەرچی دوای ساڵانی ١٩٦٠ یشە، عراق، سوریە، تورکیە و ئێران ئەو هێزانە پێک دەهێنن، بە هاوکاری و پشتیوانی ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازی دەوڵەتگەلی وەک ئینگلتەرە، فەرەنسا، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یەکیەتی سۆڤیەت کە لە گەڵیاندا لە پەیوەندی و هاوکاری دوولایەنە و چەندلایەنەدا بوونە. لە نێوان ئەم وڵاتانەدا ڕەنگە لە زۆر بواردا دژیەکی و دڕدۆنگی هەبێت. بەڵام هەر کە باس هاتە سەر کورد و کێشەی کورد، هەر هەموویان لە سەنگەرێکی هاوبەشدا یەکدەگرن. ئەمرۆکە هەر ڕوداو و گۆڕانکاریەک کە لە پارچەیەکی کوردستاندا دێتە ئاراوە، بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر پارچەکانی تری کوردستان و ئەو دەوڵەت و هێزانەشی کە کوردستانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵ و بەریوەبەرێتی خۆیان، هەر یەکسەرە لەبەرامبەر ئەم ڕوداوانە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی پێویست و هاوبەش یەکسەر دەست بە کۆبونەوە و گردبونەوە دەکەن.
ڕون و ئاشکرایە کە ئەم هەڵوێستە هاوبەشانەی ئەو لایەنانە نەک هەر تەنیا نابێتە هۆی هاتنە ئارای دادپەروەری و ڕێزگرتن لە ماف، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە مانای خستنە ژێر پێی و لەکەدارکردنی ماف و دادپەروەری دەگەیەنێت. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا و بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو زوڵم و زۆریە، هەوڵدان بۆ پێشڤەبردنی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد مافێکی ڕەواو سروشتی کوردەکانە. خۆڕاگری و بەرەنگار بوونەوەی ئەو زوڵم وزۆریانە لە بارودۆخێکی ئاوادا مافێکی یاسایی و سروشتیە.
سەرچاوە : ماڵپەری ئاوێنە

*********************

ئەم وتارە لە گۆڤاری (Çağımızda Hukuk ve Toplum-) کە زمانحاڵی لقی ئیستانبوڵی (ڕێکخراوی مافناسانی هاوچەرخ -Çağdaş Hukukçular Derneği) دا بڵاو کراوەتەوە. هەر دوابەدوای بڵاوبونەوەشی نوسەر و ڕوناکبیر ئیسماعیل بیشکچی درایەوە بە دادگا.
ئەو بابەتانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

==========================================================================

# تیرۆریزم

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

ئەم وتارە لەوانەیە پێویستی بە خاوێنکردن هەبێت تا بگاتە شێوازی ستانداردی نووسین. (بەکارهێنانی ڕێنوێنیە وردترەکانی خاوێنکردن لەبەر چاو بگرە.) تکایە ئەگەر دەتوانی، یارمەتیی پەرەپێدانی ئەم وتارە بدە. لەوانەیە پەڕەی وتووێژ پێشنیاری گونجاوی لە خۆ گرتبێت.




## تێرۆر چییە؟

زیاد لەسەد پێناسەمان بۆ تیرۆر هەیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ تیرۆر هەیە، ناونیشانی ٢٢ لەماددەی ٢٦٥٦ لەیاسای ئەمریکا: تیرۆر واتا " توندوتیژییەکی ئەنقەست، پاڵپشتی دەکرێت بە پاڵنەری سیاسیی، بەکاردەهێنرێت لەدژی ئامانجی دووره شەڕی کۆمەڵە شێوە نەتەوەییەکان و بەکرێگیراوە نهێنییەکان، ئامانج لێی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر زۆرینەی خەڵک".
وەزارەتی بەرگری ئەمریکاش پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەجیاوازە لەم پێناسەیەو نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالیش بەهەمان شێوە پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، نوسەری ئەم بابەتەش دوو سێ پێناسەی بۆ تیرۆر هەیە، بەڵام پێناسەیەکی گشتگیر بۆ تیرۆر تا ئێستا لەنێو هەموو پێناسەکاندا بەدی نەکراوە.
ڕەنگە لەسەر رای ئامانجی دوورە شەڕ لەپێش منەوە زۆر شت وترابێت ئەگەر گروپە تیرۆریستییەکان لەمێژوودا بوونیان نەبوایە، ئەوا هێرشکردنە سەر پیاوانی پۆلیس و سەربازەکان زۆر کەمتر دەبوو.

ئەگینا چۆن دەبێت گروپێک لە پێناوی چەکدا سەر لەبەیانی هێرش بکەنەسەر پیاوانی پۆلیس و سەر لەئێوارەش هێرش بکەنە سەر هاووڵاتیان ئەگەر ئەمانە تیرۆریست نەبن ئەی چین؟ دەکرێت بیانخەینە پۆلێنکردنێکی جیاوازەوە، یان ئەو پیاوە چەکدارانە لەماوەی رۆژێکدا گۆڕان بەسەر سروشتیاندا نەهاتووە؟ هەرگیز ناگەینە بنیادنانی پێناسەیەکی تەواو گشتگیر بۆ تیرۆر ئەویش لەبەر هۆیەکیی سادە ئەویش ئەوەیە کە تەنها یەک جۆر تیرۆرمان نییە، بەڵکو تیرۆر گەلێکمان هەیە یاخود (چەند جۆر تیرۆرمان هەیە) کەهەریەکەیان لەکات و ساتی خۆیدا جیاوازی گەورەیان هەیە لەوەی تریان و ئامانج و پاڵنەرەکانیان هاوشێوە نین.

## خوێندنەوە سەرەتاییەکان

کاتێک خوێندنەوە ئەکادیمییەکان لەهەفتاکانی سەدەی رابردوودا دەستی پێکرد، بیروڕایەکی هەڵە لەسەر دەستی کۆمەڵێک دروستبوو کەتیرۆریان تەنها دەخستە پاڵ کۆمەڵە چەپە توندڕەوەکان و بەپلەی یەکەمیش سورەکانی ئیتاڵیا و سوپای سوری ئەڵمانی و کۆمەڵەکانی ئەمریکای لاتین (بەپلەی دووەمیش کۆمەڵە نەتەوەییەکان، هەروەک ئەوەی کە لەئیرلەندای باکور رویدا ئەگەر چی سەدایەکی گەورەشی نەبوو).




دەرئەنجامیش ئەوەیە: تیرۆر کاتێک دێتە ئاراوە کەمرۆڤ توشی بەشخوراوی و سەرکوتکردنی بەهێز دەبێتەوە. لەتواناشدا هەیە کۆتای بەتیرۆر بهێنرێت بەبنەبڕکردنی سەرکوتکردن و بێ بەشکردنی مرۆڤەکان. ئەگەر تائێستا باسەکەمان روون و ئاشکرا بێت ،لێرەوە ئەگەر بێتو ئاماژە بەتیرۆری نێو رێکخراوەکانی سەدەی بیستەم نەدەین ناتوانین شیکردنەوەیەکی باش بۆ مێژووی تیرۆر بکەین. نموونەشمان تیرۆری نێو رێکخراوەکانی نازی ئەڵمانی و روسیای ستالینە.

راستیشە ئەگەر بوترێت تیرۆر لەدەوڵەمەندترین دەوڵەت و لەخاوەن فرەترین چیندا بوونی نەبووە، دەتوانین بڵێین لەهەژارترین دەوڵەتیشدا بوونی نەبووە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوورو درێژ زۆرینەی تیرۆریستانی چەپی توندڕەو دیار نەماون و بەسەر چوون، بەڵام ئەگەر هەر جۆرە تیرۆرێک لەدەیەی هەشتاکاندا سەریهەڵدابێت لەسەر دەستی راستڕەوە توندڕەوەکان هاتۆتە کایەوە.

هەروەک ئەو کردارە تیرۆریستییەی لەسەر فڕۆکەیەکی ئەمریکا ئەنجام درا بووە هۆی تەقاندنەوەی فڕۆکەکە لەسەر خاکی سکۆتلندا. لەئەنجامدا هەموو سەرنشینەکانی فڕۆکەکە کەژمارەیان ۲۵۹ کەس بوو لەگەڵ ۱۱ کەس لەسەر زەوی بوون بەقوربانی و هەمووشیان لەو زەویەدا کە پانتاییەکەی ۱۸۹،۲ کیلۆمەتر بوو نێژران.

هەروەها کردارەکانی تری رفاندن و تەقینەوە و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکان هیچیان لەلایەن توندڕەوە چەپەکانەوە ئەنجام نەدراون.

کردەوەیەکی تیرۆریستیش کەزۆرترین قوربانی لێ کەوتبێتەوە لەپێش ۱۱ سێپتەمبەر و لەئەمریکادا رووی دابێت، تەقاندنەوەی باڵەخانەی حکومەتی فیدراڵی بوو لە (ئۆکلاهۆما سیتی) لەساڵی ۱۹۹۵ کەبەهەمان شێوە لەلایەن راستڕەوە توندڕەوەکانەوە ئەنجامدرا کە پاڵپشتی بزوتنەوەی چەکدارە ئەمریکییەکان بوون.

تیرۆری نەتەوەیی بەردەوامی هەیە وەک لەوڵاتانی (ئیرلەندای باکور، ناوچەی باسک لەئیسپانیا و سریلانکاو ئیسرائیل و چەند ناوچەیەکی تر)، بەڵام تیرۆری ئیسلامی کە ئەمرۆ رۆڵی باڵا دەگێرێت، پێشتر رووی نەدابوو، جگە لەناوخۆی چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبێت ئەوەیش بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ.

ئەمرۆ تیرۆریستانی قاعیدەو کۆمەڵێک گروپی هاوشێوەی ئەوان لەژێر چەتری توندڕەوی ئاینیدا کاری تیرۆریستی لەرێگای لایەنگرانیانەوە بەئەنجام دەگەیەنن.

بەڵام لێرەدا دەبێت تیرۆر یەکسان نەکەینەوە بەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوانە، چونکە دیاردەی تیرۆر لەپێش ئیسلام-بوونەوە بوونی هەبووەوە بەردەوامیش دەبێت لەپاش توانەوەی ئەو گروپانەش.

تیرۆر بڕوایەکی سیاسییانە نییە، هەندێک ویستیان تیرۆر بگۆڕن بۆ ئایدیۆلۆجیا، بەڵام تیرۆر تازەترین شێوەکانی توندوتیژییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تیرۆرێک ناچێتە چوارچێوەی تیرۆرەوە، چونکە تیرۆر لەپێش دروستبوونی جەنگەکانەوە هاتۆتە ئاراوە بەهۆکاری ئەوەی شەڕی سوپاکان پێویستی زۆری بەرێکخستن و لوجستیکی پێشکەوتوو هەیە، ئەمەش لای مرۆڤی سەرەتایی بەردەست نەبووە

## پێشینەیەکی مێژووی

تیرۆر لەسەردەمی کۆنی کتێبی پیرۆزدا سەریهەڵداوە، رووداوی زۆر لەمێژووی یۆنانی و رۆمانیەکاندا بۆ نموونە کوشتنی یولیوس قەیسەر بوو کە تائێستاش نووسەر و هەنەرمەندان لەنوسین و کارەکانیاندا جەختی لەسەر دەکەنەوە، هەوەرها کوشتنی زۆردارانەی (ولیام تیل)ی پاڵەوانی نەتەوەیی لە رۆمانە سویسرییەکاندا کە تائێستاش بەکاری پاڵەوانێتی ناوزەد دەکرێت.

هەرچەندە رادەیەکی تۆکمە و گشتی نییە، بەڵام بەزۆرینە کۆکن لەسەر ئەوەی کە دیاردەی تیرۆر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رێگە پێدراوبووە لەلایەن زۆردارانەوە، ئەو ماوە دیاریکراوەش لەکاتێکدا بووە، کەدیارەدەی تیرۆر وەک دیاردەیەکی دژە مرۆڤایەتی تەماشا نەکراوە و دەستنیشان نەکراوە وەک دیاردەیەکی قەدەغە کراو لەروانگەی ئاین و یاساکانی دادپەروەری مرۆڤایەتییەکانەوە. لەلایەکی تریشەوە وەک هەوڵێک بەکارهێنراوە بۆ لەناوبردنی زۆرداران و کۆتایهێنان بەزوڵم و زۆری دوای دەرکەوتنی بێ سوودیی گرتنەبەری هەموو رێگا چارەکانی تر.

سەبارەت بەوەش هەر لە فەیلەسوف و زاناکانی لاهوتەوە تا ئێستا درک بەوەکراوە کە بەکارهێنانی کوشتن لە دژی زۆرداران دیاردەیەکی ترسناک نیە و نابێتە بیانویەک بۆ شەرعیەتدان بەکاری کوشت و کوشتار یاخود پەنابردن بۆ دواین چارەسەر کە کوشتنە، هەروەک ئەوەی کە(هێنری چوارەمیان لەفەرەنسا) کوشت و دەکرا بۆ بەرەنگاربوونەوە رێگا چارەی ترو خۆپیشاندان بگرنەبەر

لەو سەردەمەدا لەکاتی بەکارهێنانی دیاردەی تیرۆر دژی دەسەڵاتداران چەند کۆمەڵەیەکی بچووک هاتنەکایەوە کەنەخشەیان بۆ تیرۆری میتۆدیی دارشت، لەوانەش خێڵی حەشاشییە ذهنییەکان بوون کەپێکهاتبوون لەموسوڵمانە ئیسماعیلییەکان لەناوچەکانی عێراق و ئێرانی ئەمرۆ لەسەدەی هەشتەم تا سەدەی چواردەهەم ئەنجام و حاکم و والی و خەلیفەکان و یەکێک لەپاشاکانی قودسی سەلیبی-یان تیرۆر کرد.

حەشاشییەکان داهێنانیان لەکاری تیرۆریزمی میتۆدی دا کرد و چەکەکانیان بریتیی بوو لە شمشێرو هەوڵیان دەدا لەرێگای کاری خۆکوژییەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش چەندان خۆبەخش ئەو کارانەیان ئەنجام دەدا.

کاتێک یەکێکیان دەکرد بەئامانج و ئەو کەسە دەسەڵاتداربوو پاسەوانێکی زۆری لەدەور بوو، و هەوڵیان دەدا تیرۆرەکە ئەنجام بدەن نەیاندەتوانی لەدەست پاسەوانەکان هەڵبێن و دەکوژران. ئەم داهێنانەی حەشاشییەکان کە بریتیی بوو لەکاری خۆکوژی تا ئێستا درێژبوونەوەی هەیە و گەشەی پێدراوە.

حەشاشییەکانیش تا ئەمرۆ زمانەکەیان لەچەند ناوچەیەک بوونی ماوە.

چالاکی تیرۆریستی بەردەوامی هەبوو لەکۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەدەی نوێ، بەڵام لەسەدە نوێیەکاندا چەند جەنگێکی بەرفراوان رویان دا وەک جەنگی سی ساڵە (١٦١٨ - ١٦٤٨) و جەنگی ناپلیۆن (١٧٩٩ - ١٨١٥ لەماوەی بەردەوامبوونی ئەوجەنگانەوە کوشت و کوشتکارییەکی زۆر لەناوچە جیاجیاکانی دونیادا کەوتەوە لەبەر ئەم هۆکارە و زۆری کوشت و برەکان دیاردەی تیرۆر باسێکی ئەوتۆی لێوە نەدەکرا و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە هەربۆیە ئاستی تیرۆر لەم ماوەیە نزم بوەتەوە.

## تەشەنەکردنی تێرۆر

تیرۆر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا تەشەنەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

ئەمیش لەنێوان هەندێک کۆمەڵەی جیاواز لە تەواوی دونیادا وەک کۆمەڵە چالاکە هەڵهاتووەکانی ئیرلەندییەکان و شۆرشگێرە ئیشتراکییە روسیەکان، یاخود لەنێو چەند خێڵێکی گێرەشێوێن لە زۆرینەی ناوچەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور.

بەهامان شێوە کۆمەڵە نهێنییەکانیش لەدەرەوەی ئەوروپاو بۆ نموونە لەمیسرو هند و چین لە پێناو ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان کردەوەی تیرۆرکارییان ئەنجام دەدا، ئەو کارانەش زۆرجار رووداوی زۆر دڵتەزێنیان لێ دەکەوتەوە، هەندێکجار سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا لەماوەیەکی دوورو درێژدا نەک لەماوەیەکی کورتدا.

تیرۆکردنی ئەرشەدوقی نەمساوی (فرانز فیردیناند)و ژنەکەی لەسەر دەستی گروپێکی نەتەوەیی سرپی لەکاتی سەردانێکیدا بۆ سرایڤۆ لەبۆسنە لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٤ (٢٨ی جوونی١٩١٤)دا، جەنگی جیهانی یەکەمی لێ کەوتەوە.

کارە بەرچاوەکانی توندڕەوە تیرۆریستییەکان لەسەدەی نۆزدەدا، کوشتنی قەیسەرێکی روسی بەناوی (ئەلێکساندرای دووەم)ی لێکەوتەوە و داوتریش چەند وزیر و نوێنەران و ژەنراڵ و هەروەها سەرۆکی ئەمریکیش (ولیام ماکنلی لەساڵی ١٩٠١ بەرکەوتەی کارە تیرۆریستییەکانی ئەو سەردەمەبوون. هەر لەدرێژ بوونەوەی ئەو کردارانەدا چەند کەسی خاوەن پلە و پایە و دەسەڵات بوون بە قوربانی، وەک پادشای ئیتاڵیا، پادشای ئەمبرتۆ، ئیمپراتۆر (زیتا) لەئیمپراتۆریەتی (نەمسا- مەجەر)و سەرۆکی فەرەنسا (سادی کارنۆ)و ئەنتۆنیۆ کانوفاسی سەرۆک وەزیری ئیسپانیا.

لەکۆتاییشدا جەنگی جیهانی یەکەم دەرئەنجامی ئەم کارانەبوو بەهۆی کوشتنی فرانزفردیناند کە لەسەروە باسمانکرد زەنگی جەنگ لەساڵی ١٩١٤ لێدرا.

لەدوبارە خوێندنەوەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و چیرۆکی گەورە نوسەرانی لە (دۆستۆڤیسکیەوە تا دەگاتە هێنری جیمیس و جەزیف کونزاد) بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کەتیرۆر چ مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی.

کۆتایی پێ هێنانی تیرۆر زۆرجار دووبارە کراوەتەوە وەک ئەو وتەیەی لیۆت ترۆتسکی کە لەکاتی شۆڕشی بەلشەفیدا سەبارەت بەکوشتنی وەزیرێک لەیەکێک لەبۆنەکاندا باسی لەکۆتایی پێهێنانی تیرۆر کرد بەرێگای دروستبوونەوەی چەندین وەزیری تر کەجێگای وەزیری تیرۆر کراوە.

## تێرۆری هاوچەرخ

لەداوی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دوبارە کرداره تیرۆریستییەکان لەچەند وڵاتی جیاوازدا سەریانهەڵدایەوە، وەک ئەڵمانیاو وڵاتانی بەڵقان.




فاشستەکان و کۆمۆنیستە توندڕەوەکان بڕوایان بەتیرۆری گشتی هەبوو نەک بەکرداری تیرۆریستی تاکە کەسی، بەڵام هەندێجار کردارەکان لەدژی تاکەکەسەکان رویان دەدا، وەک تیرۆکردنی سەرکردەی ئیشتراکییەکان لەئیتاڵیا بەناوی (جیاکو مۆماتیوتی)، بەڵام کرداری تیرۆریستی کە شایەنیباس بێت لەسەردەمەکانی جەنگی جیهانی دووەم و دوو دەیەش دوای ئەوە رویان نەدا، بەڵام لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم کردارانە لەسەر تیرۆریزمی ئیسلامی لەژێر ناونیشانێکی نوێ ودوور لەهاوشێوەی پێشوو هاتەکایەوە کەئەویش دیاردەی خۆکوژی بوو، هەرچەندە ئەوەی لەپێشەوە باسمانکرد کە وەک دیاردەیەکی خۆکوژی دەناسرا چەکەکانیان پێکهاتبوو لەشمشێرو خەنجەرو دەمانچەی کەم هاوێژ کەپەلاماری کەسە بەئامانج کراوەکانیان دەدا و دواتریش خۆیان پێوە دەبوون جیاوازە لەو دیاردەیەیی ئەمرۆ کە کەسەکان خۆیان دەتەقێننەوە و لاشەکانیان ون دەبێت ئەویش لەرێگای بۆمبی بەخۆ چێنراوەوە.

تیرۆری کۆن و ئەوەی لەسەدەی نۆزدەدا پێش ئەوکاتەش روی دەدا زۆرە جیاوازە لەتیرۆی هاوچەرخ، چونکە تیرۆی کۆن شەرەف مەندییەکی پێوە دیاربوو کاتێک تیرۆریستان هەوڵی کردارێکی تیرۆریستییان دەدا لەدژی سەرکردەو سەرۆک کاریان دەکرد و هەندێکجار ژن و منداڵی ئەوکەسە پایە بەرزانە لەهێرشەکاندا پێوەدەبوون، بەڵام، ئەمرۆ هیچ جیاوازی لەنێوان کەسە کاربەدەستەکان و خەڵکی ئاسایدا ناکات و پێی مەبەست نییە لەئەنجامی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدات چەند کەسی سیاسی و ژەنراڵ پێوەدەبێت و چەند کەسی بێ تاوان و هاووڵاتی پێوە دەبێت.

بۆیە تیرۆیزمی هاوچەرخ هەڵگری ناوێکی جیاوازن ناونیشانێکی یەکجار خراپیان هەیە.

بوریس سافنکوف کەسەرۆکی شۆڕشگێرە ئیشتراکییەکانی روسیابوو لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا یادەوەرییەکانی لەژێر ناوی (یادەوەرییەکانی تیرۆریستێکدا) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام تیرۆریستی ئەم چەرخە

دەیەوێت خۆی بەجەنگاوەر بناسێت یان پیاوانی مافیا یاخود هەڵهاتوو یان شۆڕشگێڕ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خۆی وەک تیرۆریست پیشانانادات.

ئەگەر بێت و کۆک نەبین لەسەر پێناسەیەکی گشتی بۆ تیرۆریزم، واتە ئاڵۆزییەکی تەواو هەیە سەبارەت بەدیاردەکە و هەر لایەنێکیش رایەک بدات لەسەری نابێتە هەڵە.

دیاردەی تیرۆر وەک هەر دیاردەیەکی تر کۆمەڵێک لەدژی دەوستێتەوە و کۆمەڵێکیش لایەنگری دەبن چۆن تا ئێستاش لایەنگرانی گەورە تاوانباری جیهان لە هیتلەرەوە تا بول بوت لەسەرتاسەری جیهاندا بونیان هەیە.

کاتێکیش ئەو کەسانەی هەمیشە راهێنراون لەسەر ئەوەی کەکاری تیرۆریستی لە پێناو ئازادیدا ئەنجام دەدرێت هەرگیز ناتوانین پێناسەیەکی گشتی تیرۆریان پێ بناسێنین، بەڵام دوا بڕیاریش لەسەر کرداره تیرۆریستییەکان بەدەست کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارەیە نەک تەواوی خەڵک.

تا ئێستا هیچ هۆکارێک بەگشتی دیاری نەکراوە کەئایا مرۆڤەکان بۆ دەبن بەتیرۆریست بەتێپەڕبوونی کاتیش رووداوەکان سەیرترو هەمەجۆرتر دەبن و شیکاران و لێکۆڵەرەوان لەبەرامبەریاندا دەستەوەستان دەوەستن.

فیکتور ئەمبرنامی ئەومنداڵە رفێنراوە بوو کە لەنێوان ١٥٣ سەرنشینی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بوو کاتێک لەساڵی ١٩٥٨ لەلایەن تیرۆریستە لوبنانییەکانەوە بۆماوەی دوو هەفتە دەستبەسەر بوو، گرتنی منداڵێک دەبێت چ هۆکارێکی لەپشتەوە بێت کە ئەم دیاردەیەش تائێستا بەردەوامی هەیە.

لەم دواییانەدا پێشنیارێک کرا سەبارەت بەدیاردەی تیرۆر کەهۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی داگیرکەری بیانی لە وڵاتاندا و بوونیان لەهەر وڵاتێکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کارە تیرۆریستییەکان.

ئەم پێشنیارە لەهەندێک رووەوە راستە وەک داگیرکردنی ئیسپانیا لەلایەن ناپلیۆنەوە یاخود بوونی سوپای ئەمریکا لەعیراق، بەڵام ئەگەر بەوردی بڕوانینە نەخشەی سیاسی تیرۆریزمی هاوچەرخ دەبینین بونیان لە هەریەک لە وڵاتانی سریلانکا و بەنگلادش و وڵاتانی ئەوروپاو جەزائیر هەیە کەئەم وڵاتانە هێزی داگیرکەر رووی تێ نەکردوون، بگرە لەعیراقیشدا ئەو رووداوانەی کە روودەدەن لەکۆنەوە بوونی هەیە.

## ئایا مێژوو هیچ وانەیەکی سەبارەت بەتیرۆر پێشکەشکردووین


بۆجارێکی تریش ئەو دوپات دەکەینەوە کەوەڵامێکی روون و تایبەت بەدی ناکرێت و دەبێت بەشێوەیەکی گشتی وەڵام بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە لەوسەردەمانەدا تیرۆری ئەوتۆ بەدی نەدەکرا مەگەر لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە سەرکوتکەرەکانەوە نەبێت، بەڵام لەدونیای تازەدا بەهۆی ئازادی رادەربڕین و ئازادی سیاسیی و ئاین و هەروەها گردبوونەوەی تاکەکان لەسایەی سیستمی دیموکراسییەوە هۆکار گەلێکن بۆ فراوانبوونی دیاردەی تیرۆریزم.

دواتریش تیرۆر لەکاتێکدا دێتە کایەوە کەدەسەڵاتی ناوەندی لاواز بێت یاخود هەربوونی نەمابێت بۆ نموونەش لەشەقامەکانی ئیسپانیادا لەسەردەمی فرانکۆدا هیچ دیاردەیەکی تیرۆریستی بەدی نەدەکرا، بەڵام لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆرییەکەیدا دیاردەی تیرۆر لەگۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا هاتە کایەوە، هەروەها لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەسەڵاتە سەرکوتکەرە میانڕەوەکانیش توانیویانە دەستبەسەر ئەم دیارەیەدا بگرن وەک تورکیا و سوریا و میسر و جەزائیر لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا.

هەندێجار تیرۆر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و هەندێجاریش شکستخواردوو دەبێت و بکەرەکانیشی توشی دەرئەنجامێکی پێچەوانە دەبنەوە، بەڵام تیرۆر دیاردەیەکی بەردەوامە و هەمیشەش بەردەوامی دەبێت ئەگەر بێت و دەستیشی بەسەردا بگیرێت و لەکاتێکی تردا هەر سەرهەڵدەداتەوە، ئەوکاتانەشی کە تیرۆر هێوەر دەبێتە و جەنگ و کوشتاری زۆر لە تەواوی جیهاندا بوووونی هەیە ...تیرۆر ئەگەر بوونیشی هەبێت گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت.

سەرچاوە

لە کوردپرێسەوە، نووسینی: د.ولتر لاکیر - وەرگێڕانی: سۆران شێخ ئەمین



# ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی- نەتەوەیی دا



بەیان کەریمی

لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی لە سەر ناسیۆنالیزم و ژن بوارێکی نوێیە کە دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای ١٩٨٠ کان. لەم بوارە دا فێمێنیزم هەوڵی داوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە نەقش و کاریگەری ناسیۆنالیزم لە سەر ژن پێناس بکات. هەر چەند زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوانە پەیوەندی ڕاستە وخۆی بە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا و تایبەتمەندیەکانی ئەم وڵاتانەوە هەیە، بە ڵام هاو کات وەک دەبینین(لەم بانەتەدا) لە سەر وڵاتانی دیکەش بەهەمان شێوە کاریگەری وەک یەک چووی هەبووە. بە وتەیکی دیکە، ئەگەر چی ناسیۆنالیزم بە پێ شوێن ومێژووی تایبەتی خۆی پرۆژە و دیسکۆرسی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە ژن هەیە، بەڵام هاو کات خاڵێ هەرە هاوبەشیشی هەیە.

بۆ نموونە، لە ڕوانگەی فێمێنیزمەوە، ناسیۆنالیزم لە پرۆژە و دیسکۆرسەکانی خۆیدا ڕۆڵی ژن لە گۆمەڵگا و بنەماڵەدا بە جێندەر دەکات(ڕۆڵی ژنانە و پیاوانە)، و پەیوەندی نایەکسان لە نێوانی ژن و پیاودا دادەڕێژێ. بە گشتی پرۆژە و دیسکۆرسەکانی ناسیۆنالیزم بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ژنە، کە تەنیا ژن بە قازانجی بنەمای پیاوسالاری و نەتەوە بە کار دەهێنێ و شەرعیەت دەدات بە ژێر دەستیان.

بە پێ ی ئەم ڕوانگەیە، ناسیۆنالیزم کە لە قووڵایی پرۆژەی مودێرنیەت سەرچاوە ی گرتووە، نەتەوەی بە گشتی بە دوو بەش دابەش کردووە: بەشی 'گشتی' و بەشی 'خسووسی'. لە ژێر ئەم پێناسەدا پیاو ئەرکی بەشی گشتی پێسپێردراوە (کە بریتە لە سیاسەت، لۆژیک، بواری گشتی و دەرەوەی ماڵ بە گشتی). ژنیش ئەرکی بواری خسووسی پێسپێردراوە (کە لە چوارچێوە ی سروشت دا کاروباری خسووسی بنەماڵەی پێ سپێردراوە). ژن لەم چوارچێوەدا وەک بەرهەم هێنەری بایەلۆژی و کەلتووری نەتەوە چاوی لێکراوە و ئەرکەکانی لەم چوارچێوەدا پێناس کراوە.

ڕەخنەگری فێمێنیست ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێ ژن لە چوارچێوەی ئەم قاڵبەدا پێناس کرا، ئیتر نەتەنیا جەستەی ئەو، بە ڵکوو تەواوی بوونی (ژن) دەخرێتە ژێر کونترۆل و ژێر پێناسی ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم بە پێی پرۆژەکانی خۆی منداڵبوون، پێشگیری لە منداڵبوون، شێوە ی جل و بەرگ پۆشین، هەڵسوو کەوتی ڕۆژانە و زۆر شتی دیکەی بۆ ژن پێناس کرد و بەسەریدا سەپاند. بە وتەیەکی دیکە، پرۆژە و دیسکۆرسە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم، لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا ژنی ناچار کردووە کە جەستە و ڕەفتاری خۆی بە پێی ویستی ناسیۆنالیزم بگۆڕێ و بگونجێنێ.

## ژن و ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێهەم

ئەم پێناسەی ناسیۆنالیزم بووە هۆی ئەوەی کە ژنانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بڕواننە پرۆژە و دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمەکانی خۆیان و ڕوخساری ڕاستە قینە یان بخەنە ڕوو. لێکۆڵینەوەکانی فێمێنیزم لە جیهانی سێهەمدا ئاگادارمان دەکەنەوە کە چۆن پرۆژە و دیسکۆرسی ' کێشەی ژن' هاتە ناوەندی پرۆژەی ناسیۆنالیستیی وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە (لە سەرەتاکانی سەدەی ٢٠دا)،بۆ نموونە. هاوکات ئەم لێکۆڵینەوانە ئاگادارمان دەکەن کە ئەم پرۆژانە بە هیچ شێوەیک لە سەر قازنج و بۆ ڕزگاری ژن دانەمەزرابوون (بە پێچە وانەی ئیدیعای دامەزرێنەرەکانیان)، بە ڵکوو 'کێشەی ژن' پرۆژەیکی ڕوونی بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی ئەم وڵاتانە بوو کە دەیویست ژن بە کار بهێنێ بۆ سوودمەندی نەتەوە و لە چوارچێوە ی بیری " پیاو سالاری"دا داڕێژرابوون. ئەم لێکۆڵینەوانە لە ئاکامدا بۆمان دەردەخەن کە چۆن ژن بە هۆی ئەم پرۆژانەوە لە ژێر دەسەڵاتی پیاو سالاری کۆن و سونەتی 'ڕزگار 'کرا و خرایە ژێر دەستی دەسەڵاتی پیاو سالاری و بنەماڵەی نوێ، کە بناغە کە ی بە پێ ی خەون و ئارەزووی پیاوانەی ئەم جیلە تازە پێگەیشتووە داڕێژرابوو.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە 'کەشفی حیجابی' ڕەزا شا و مافی دەنگ دانی گشتی ئەتاتورک پەیوەندێکی نەبوو بە ڕزگاری و ئازادی ژن ،بەڵکوو بەرنامەیکی داڕێژراو بوو کە لە لایەن بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو لە پێناوی گەیاندنی نەتەوە ساواکەیان بە ' پێشکەوتنی' ڕۆژئاویی و کردنەوەی بازاڕی سەرمایەداری داڕێژرابوو. بە پێ بۆ چوونی ئەو جیلە، ڕۆژئاو ا بۆیە بە پێشکە وتن گەیشتبوو چونکە ژنەکانیان پێشکەتوو بوون، هەر بۆیە دەبوایە بە پەلە رابردووی فیۆدالی بە هەموو چوارچێوە گشتی و خسووسیەکانیەوە (وە ک بنەماڵە ) تێک بشکێندرێ و لە سەر شێوە ی ڕۆژ ئاوایی گۆمەڵگایکی نوێ کە دوور بێت لە 'تاریکی و تەوە حوشی ڕابردوو' دابمەزرێ. بە کورتی بەرنامە بەر تەسک و ڕواڵەتیە کانی' کێشەی ژن لە م چە ند خاڵە ی ژێرەوە تێپەڕ نە دەبوون: لابردنی حیجاب، دە نگ دان، دامەزرانی خوێندە واری، هاندانی ژن بۆ کار و پیشە، و لابردنی هەندێ داب و نەریت وەک فرە ژنی و شتی لە و بابەتە- کە بە کورتی کەم و کوڕیەکانیان باس دەکرێ. هەر وەک ئاماژەی پێکرا ئەم پرۆژانە هەندێکیان تەنیا ڕەواڵەتی بوون بە ڵام هەندێکیشیان بە تە واوی ڕۆڵی ژنی بە پێ ی پێوانە ی پیاوسالاری لە کۆمەڵگە و بنەماڵە دا گۆڕی و بە جێندەری کرد. بۆ نموونە لابردنی لە چکە بۆ دوو مەبەست بوو؛ یەکەم ، بوو بە نیشاندەری ڕوخساری 'شارستانی و هاوچەرخیانەی' نەتە وەی تازە پێ گەیشتوو و دووهەم ،لە خزمەت ئاسان کاری بۆ پرۆژەی مودەرنیەتدا بوو. بە هەمان شێوە خوێندەواریش لە پێناو هەندێ پرۆژەی تایبەتدا بوو. بۆ نموونە خوێندە واری دەیتوانی کە ژنی 'نوێ' بار بێنێت کە بتوانێ ماڵدار، منداڵداری و مێرداری بە شێوەیکی 'زانستی' بکات و تایبەتمەندیکانی 'ڕە سەنی نەتە وەیی' کە لە قوتابخانەی نەتەوەدا فێر دەبوو بۆ جیلی داهاتوو ڕابگوێزێت و هاوکاتیش ژن لە چوارچێوە ی پیاو سالاری فیودالی ڕزگار بکات و بینخاتە ناو بازارە هەرزانەکانی کارەوە.

هاوکات لێکۆڵینەوە فێمێنیستەکان ئاگادارمان دەکەن کە چۆن پرۆژە و دیسکۆرسی 'کێشەی ژن' لە گشت پەیوەندیەکانی دیکەی ژندا کاریگەری بەرجەستەی هەبوو. بۆ نمونە 'ژنی نوێ' دەبوایە نەک تەنیا هە ڵگر و ڕاگوێزەری تایبەتمەندیە مودێرنەکان بێت، بەڵکوو هاو کات دەبوایە هەڵگری تایبەتمەندیە ' ڕەسەنیەکانی کەلتووری' نەتەوەیی بێ،واتە هەم 'مودێرن' بێت و هەم 'سونەتی'. بە وتەیکی دیکە هەرچە ند نەتەوی 'نوێ' داوای لە 'ژنی نوێ ' دەکرد کە خوێندەوار و خاوەنی پیشە بێت، بە ڵام دەبوایە ئەم خوێندەواری و پیشەیە لە چوارچێوەی ئەخلاق و ڕەفتاری نەتەوەیی تێبەپەڕ نەبێ و مەترسی نەخاتە سەر 'ژنایەتی' ژن . هاو کات دەبوایە 'ژنی نوێ' جل پۆشینی، نان خواردن، چوونەدە ر، و گشت ڕەفتاری ڕۆژانەی بە پێ پێناسی 'نەتەوەیی ' دابرێژێ. ئەم پێناسە نوێیە ی ژن کە بریتی بوو لە: داوێن پاکی و نەجیبی، خۆ بەخت کەری و خوێندەواری، کەم قسەیی و پاسیڤ بوون، تایبەتمەندیکانی ژنی 'نوێ 'بوون. ئەم ژنە بێ گومان دەبوایە لە گەل 'ژنی کۆن' کە بریتی بوو لە' نەخوێندەوار، ناهوشیار، نەزان، بوختان کەر، شەرانی، زۆربڵە، دەنگ بەرز، بێ حورمەت، لە باری سێکسیەوە بێ بەند وبار 'جیا بێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە فشارێکی بێ وێنە و پرۆژەیکی بێ هاوتا بوو.

سەرەڕای داسەپاندنی ئەم ڕەفتارە بەرتەسکانە بۆ ژن، 'بنەماڵەی نوێش' کە بە مۆدێلی بنەماڵی ڕۆژئاویی 'یەک ژنی' پێک هاتبوو، تایبەتمەندیکەکانی بە تە واوی دژە ژن و لە سە ر کۆنترۆڵی تە واوی

جنسی ژن دامە زرابوو. بە م شێوە یە بۆرژوازی ناسیۆنالیستی ئە م وڵاتە تازە پێگەیشتوانە 'دواکەوتوویی' خۆیان لە چاوی 'دواکەوتووی' ژنەکانیاندا دەدی وە دەیانویست بە ژنەکانیان قە رەبووی بکەنە وە. بە کورتی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی نویٚ بۆ 'ژنی نویٚ'، پرۆژ ەیکی بە دوور لە چوارچێوەی فێمینیستی بوو. لەم پرۆژە دا بە هیچ شێوەیک باس لە گۆڕانکاری ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵدا نەکرا، یا خود گۆڕنکاری لە پێوەندیە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو دا نەکرا. ئە گە ر چی هەندیٚ ژن لە چینەکانی سە رەوە ی کۆمەڵگا توانیان لە پرۆژەکانی 'کێشەی ژن' قازانج بکەن، بەڵام زۆر بە ی زۆری ژن لە چینەکانی خوا رەوە و ژنانی سەر بە نەتەوە ژێر دەستەکانی ئە م وڵاتانەوە وە ک کورد هیچ سوودێکیان نەبرد، بە ڵکوو بە بەردەوامی وە ک 'دواکەوتوو' و ئە وانی تر چاویان لیٚ دەکراو تاوانی ئە وەیان دە خستە سەر شانیان کەبوونەتە هۆی دواکەوتووی گشت نەتە وەکە .

## ژن و بزووتنەوە ی رزگاری خوازی نەتەوە ژێر دەستەکان

لێرە دا چە ند پرسیار دێتە پێش، یەکەم ئەوەی کە بۆ ژنان کە ئەم روخسارە ی ناسیۆنالیزم دەبینن بەشداری ئەم جووڵانە دەکەن؟ دووهەم، ئایا گشت ناسیۆنالیزمەکان پرۆژە و دیسکۆرسی وەک یەکچوویان هەیە بۆ ژن؟ و سێهەم ئایا مۆدێلێک هەیە کە ژن بتوانیٚ هەم فێمێنیست بێت و هەم لە بزووتنەوەی رزگاری خواز خۆی دا بەشدار بێت؟

لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا، بە پێچەوانە ی ژنی رۆژئاوایی، ناسیۆنالیزم و جووڵانەوەی نەتەوە یی دایمە پە یوە ندی و گرنگی راستە و خۆی بە ژنی نە تە وە ژێر دە ستەکان (وە ک کورد) بووە. ئەزموونی تاڵی ژێر دە ستی، هێرشی بەرفەراوانی سەربازی، دەسەڵاتی دیکتاتۆری رژێمە داگیر کەرەکانی کورد و ستەم وجەنایەتە بیٚ وێنەکانیان، ژنانی لە هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان هان داوە کە داکۆکی لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکەیان بکەن و بەشداری بن.

لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا ،هەروەک ئەم وتارە بە وردی ئامژەی پیٚ دەکات، ناسیۆنالیزم دیسکۆرس و پرۆژە ی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەر لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا جیاوزیکی فرە لە نێوان دوو حیزبی سە رەکی کۆمەڵە و حیزبی دیموکڕاتدا بەرامبەر بە ژن بەدی دەکریٚ . ئەم جیاوازیانە لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئە و جووڵانەوەیە لە سەر چ بنەمایک پێک هاتبیٚ و لە چوارچێوە ی چ دیسکۆرسێکدا خۆی پێناس دەکات. بۆ نموونە ئەو رێکخراوانەی کە بە تایبەت سەبارەت بە رۆڵی ژن کارگەری دیسکۆرسی چەپ و شۆڕشی ئۆکتۆبریان لە سەر بوو(بەر لە ستالینیزم کەمەسەلەی ژن گۆڕاو قوربانی کرا بۆ گەیشتن بە برۆکراسی راشناڵیزمی سۆشیالیستی) رەنگدانە وەیکی رزگاری خوازانەی بەرامبەر بە ژن تێیدا بەدی دە کرا. ئەم مۆدیلە بە شێوەیکی بە رفراوانتر باسی لە سە ر رزگاری ژن دەکرد. هە روەها ئەم مۆدیلە کەمتر لە سە ر جیاوازیە رۆڵیە (جندە رە کانی) ژن و پیاو جەختی دە کرد. بەڵام، دیسانیش ئە م مۆدیلە لە بیری فێمێنیسیتی بە دوور بوو و کەم وکوڕیٚ تایبەت بە خۆی هەبوو( بە و هیوای کە لە داهاتوو دا بتواندریٚ کە لێکۆڵینە وەیکی روون لە سە ر کۆمەڵە و حیزبی دیموکڕات بکرێت).

بە ڵام مۆدیلی دووهەم، کە زۆرتر لە سیاسەت و دیسکۆرسی حیزبی دموکڕاتد(بۆ نموونە ) رەنگی داوەتەوە، بە تەواوی رۆڵی ژنی لە چوارچێوەی خزمەت بە نەتەوە دا پێناس کردووە و بە تە واوی لە سە ر رۆڵی جیاوازی پیاو و ژن لە سیاسەت و کو مەڵدا دامەزراوە. سەرەڕای بەشداری بەرفەروانی ژنان لەم حیزبەدا و خۆشەویستیان بەرامبەری، حیزبی دیموکڕات هەم لە دیسکۆرس و هەم لە پرۆژەکانیدا کەم کاری بیٚ وێنەی بەرامبەر بە ژن نیشان داوە. سەرەڕای ئەم جیاوازیەی کە باس کرا، بە گشتی هەموو جووڵانەوە رزگاری خوازەکانی نەتەوە ژێر دە ستە کان هە ندیٚ خاڵی هاوبەشیان هەیە، کە لە خوارەوە دەخرێتە بەر چاو.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئاگادارمان دەکەن کە بە گشتی ئەم جووڵانەوانە پێویستی یەکجار سەرەکیان هەیە بە بەشداری ژنان، بە بیٚ هۆ نیە کە لە دروشمی حیزبی دیموکڕاتدا هێشتاش باس لەوە دەکریٚ کە 'بیٚ بەشداری ژنان سەرکەوتن وە دی نایەت' (ئەم بەشداریە لە ژێر مەرجی پیاو سالاریدا پێناس کراوە). هاوکات ژنانیش لەم کۆمەڵگە ژێر دەستانەدا بە فراوانی دەچنە ناوریزی شۆڕش. ئەگەر چی بەشداری لە شۆڕش هەندیٚ قازانجی سەرەکی هەیە بۆ ژن ؛ ژن دەتوانیٚ تا رادەیک دیوارە پیاوسالاریەکانی بنەماڵە برووخێنیٚ وبە دژیان بوەستێت، بەڵام (هەروەک لە خوارەوە بە وردی ئامژەی پیٚ دەکرێت)چوارچێوە ی پیاوسالارانەی شۆڕش رێگری یەکجار زۆر بەر فراوانی هەبووە بۆ ژن.

لێکڵینە وەی فێمێنیستی بۆ مان دەردخات کە دیسکۆرسی زۆربەی جووڵانەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان (وەک کورد) لاسا کردنەوە و بە کارهێنانی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتداری خۆیانی تێدآ بەدی دەکریٚ . بۆ نوونە، جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد بە شێوەیەکی بەرفەروان باس لە 'دواکە وتووی ' ژنی کورد و کۆمەڵگای کورد دەکات و بە هەمان شێوە دواکەوتووی خۆی لە چاوی 'دواکەوتووی ' ژنەکانیدا دەبینیٚ. هاوکات هەروەک ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدار، ناسیۆنالیزمی ژێر دەست هەوڵی دانانی هەندیٚ ریفۆرمی رەواڵەتی کردووە کە بە هەما ن شێوە ویستوویەتی روخساری 'شارستانی ' خۆی بە دنیا نیشان بدات و هاوکات بۆ بەرژەوەندی و 'پێشخستنی' نەتەوە بە کاری هێناوە (وەک لابردنی هەندیٚ داب و رە سمی کوردی و دامەزرانی خوێندەواری بۆ ژنان لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی ناسیۆنالیزمی هێژەموونیدا).

هاوکات، تایبەتمەندیکی دیکەی ئەم جووڵانەوانە ئەوەیە کە بە گشتی رێکخراوی بەشی ژنانیان دامەزراندووە (حیزبی دیموکڕات بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ بەولاوە رێکخراوی ژنی هەیە- لە راستیدا لە کۆماری مەهابادە وە رێکخراوی ژن هەبووە). رێکخراوی ژنان بە گشتی لە ژێر دەستی حیزبەکاندان و سەربە خۆیی فکری و سیاسی ئەو تۆیان نیە و بە هیچ شێوەیک لە سەر بنەمای فێمێنیستی کار ناکەن ( زانیاری ژنان لە سەرمافەکانیان و ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵگا، ژێر دەستی ژن لە کەلتوور و پرۆسەی دەسەڵاتدا و شی کردنەوەی ئەمانە لە روانگەی ژنەوە). ئە م رێکخراوانە بە گشتی بێدەنگ بوون لە سە ر ستەمی جنسی ژن لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا و تەنیا هەوڵی ئەوەیان داوە کە ژنان بۆ جووڵانەوەی نەتەویی رێک بخەن. زۆربەی کات ئەم رێکخراوانە بە شێوەیکی گشتی لە لایەن ژنانی چینی سەرەوە هەڵسووڕاوە ( کە زۆر جار خزم و کەس وکاری ریبە رانی پیاو بوون) و بە گشتی لە سەر بنەمایکێیٚ ئاێ ڕاکی دامە زراوە کە کەمتر پەیوەندی بووە بە ژنانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای ژێر دەست.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دیسکۆرسی ئەم رێکخراوانەی ژنان بە گشتی لە چوارچێوەی پێناسی پیاوسالاریدا بووە. بۆ نموونە، بۆ گەیشتن بە 'یەکسانی ' و بەشداری لە جووڵانەوەدا ،' ژن دەبوایە خوێندەوار بێت و خۆی بگەیێنێتە پلەی پیاو و بتوانیٚ پیشەی هە بێت . ئەو جار دوای ئەمە ژن دەتوانیٚ زانیاری خۆی بەرزکاتەوە لە سیاسەتدا وەک پیاو بەشدار بێت '.

تایبەتمەندی هاو بەشی دیکەی جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەویی ئە وەیە کە لە راستیدا دایمە مافی ژن و پێویستیەکانی ژنیان خستووەتە دوای مافی نەتەوە. هە ر کات ژن داوای یەکسانی کردووە ، ئەوەیان بیر خستوتەوە کە دە بیٚ راوەستن تا دوای وە دیهێنانی مافی نەتەوە. هەر چەند ژنان لە پرۆسەی بزتنەوەی نەتەوەیدا فیداکاری بیٚ وێنەیان لە خۆ نیشان داوە، بەڵام وەک مێژوو نێشانی داووە کە دواخستنی مافی ژن دایمە بەو مانایە بووە کە مافی ژن لە پرۆژەی داهاتووی نەتەوە دا یان لە بیر چووەتەوە یان بەراستی لە ئەجێندا لابراوە (نموونەی بە ر چاو ئەلجەزیرەیە ،کە پەیمان بە ژنان درابوو پاداشی فیداکاریەکانیان دەدرێتە وە، بەڵام لەراستید دوای سەربەخۆیی نرانەوە بۆ سووچی ئاشپەزخانە. هەروەها حکوومەتی کوردستان کە فرە ژنی کرد بە یاسایی و ە شەرعیەتی دا بە ژێر دەستی ژن، دوا بە دوای دامەزرانی).

هاوکات، ئەو جووڵانەوانە زۆربەی جار 'بەشداری نە کردنی' ژنیان لە شۆڕشدا بە هەڵە لێک داوەتە وە. بۆ نموونە گشت حیزبەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژن خەتای خۆیەتی کە لە شۆڕشدا بەشداری ناکات (هەرچەند ژن بەشداری کردووە بە لام نەبیندراوە). ئەم دیسکۆرسە دوو شت دەشارێتەوە؛ یەکەم، روخساری پیاو سالاری ئەم حیزبانە کە رێگر بوون لە بەشداری ژنان. دووهەم، باری قورسی ماڵداری ومناڵداری کە ئەم جووڵانەوانە هیچ هەوڵێکیان نەداووە کە قورسایەکەی لە سەر شانی ژن کەم کەنەوە و رێگا بە ژن بدەن بۆ بەشداری فەراوانتریان (بۆ نموونە بە دانانی سێرویسی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی).

لە کۆتایدا، لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئاگادارمان دەکەنەوە کە بەگشتی لە چوارچێوەی ئەم جووڵانەوانەدا رۆڵی ژن بە کەم و لە چوارچێوەی 'غەیری سیاسیدا 'چاوی لێ کراوە. لە بەشداری راستە وخۆی چەکداریەوە بگرە تاکوو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان(بەشی تەندروستی ، کۆمەڵایەتی، بەشی راگویزتنی زانیاری، خزمەت بە چەکدارەکان، شاردنەوەی برینـدار و چەک و بەشی پەروەردە و....) گەرچی ئەم رۆلانەی ژن سەرەکی بوون و بۆ شۆڕش(لە راستیدا رەگی حەیاتی شۆڕش بوون)، بەڵام بە گشتی وەک کەم و لاوەکی چاویان لێ کراوە (ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ژن تەنیا ئەم رۆلانەیان پێ دراوە و کەم ژن بووە کە بتوانێ لە رۆڵە سەرەکیەکانی سیاسیدا بەشدار بێت). ها وکات، ئەم رۆڵە سەرەکیانە زۆر جار بوونەتە هۆی مەترسی گیان بۆ ژن و لە دەستدانی سومعەی کۆمەڵایەتی (کەم ژنە پێشمەرگە هەیە کە داستانی خۆی نەبێت کە چ ئازاری کێشاوە لە دەست قسە و باس و ئـازاری جنسی هـاو سەنگەرەکانی). بەڵام، سەیر لـە ودایە کە هەر چەنـد، ئەم رۆڵانەی ژن وەک غەیری سیاسی چاوی لێ کراوە بەلام بەگشتی لەلایەن دوژمنەوە خراوەتە ناو قاڵبی سیاسیەوە. بۆ نموونە چێشت لێنان بۆ پێشمەرگە دەیتوانی ژنی کورد بخاتە ناو زیندانەوە، بەر هێرشی دەستدرێژی جنسی، ئەشکەنجەی جۆراوجۆر و تەنانەت ئیعدامیش. داستانەکە بەمە کۆتایی نەدەهات، ژنە زندانیەکان و بنەماڵەکەیان دەبوایە باری قورسی 'شەرمیش ' تا ئاخر رابکێشن.

بە کورتی ئەزموونی ژن لەم بزووتنەوانەدا ئەزموونێکی تاڵ و پڕ ئازار بووە. سەرەڕای فیداکاریەکانیان تائێستاش بزووتنەوە سونەتیەکانی جوولانەوە ی کورد لە ئاستیدا بێ دەنگی دەکە ن. بەڵام ، گەشبینی لە وەدایە کە جووڵانەوەیکی نوێ لە رێگادایە کە دەتوانێ خەونی پیاوانەی جیلی پێشووی جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەویی بنەبڕ بکات.

## ژن و خەباتی جەماوە ری رزگاری خوازیی نەتەویی:

ئێستاش دە گەڕینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە چۆن ژن دەتوانێ بە پلاتفۆڕمێکی فێمێنیستیەوە بەشداری لە جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوە ژێر دەستەکەی بکات؟

لە ساڵە کانی ١٩٩٠ بەولاوە، بە هۆی ئاڵوگۆڕی جیهانی و ناوچەیی (کە ئێمەی کوردیشی بە شێوەیکی بەرفراون گرتووەتەوە)، بوەتە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی خەباتی نەتەوەیی. یەکێک لە گرنگترین گۆڕنکاریەکان کاڵ بوونەوەی خەباتی چەکداری و کاڵ بوونەوەی کاریگەری حیزبە سونەتیەکانە لە سەرجووڵانەوەی نەتەوەی و گەشە پێدان لە خەباتی جەماوەریە (گە لی). ئەم رەوەنـدە کەم و زۆر لە پرۆسەی بڵاوبوونەوەدایە لە گشت پارچەکانی کوردستان (بەتایبەت لە کوردستانی باکوور).

خەباتی جەماوەری، بە پێچەوانەی خەباتی سونەتی رێگایکی هەرە فراوان بۆ بەشداری ژنان دەکاتەوە. ئەم جووڵانەوە کە تارادەیک دوورە لە چواچێوە ی هایراکی و دیسکۆرس و پرۆژەی حیزبە سونەتیەکان (بە تایبەت بزووتنەوەی چەکداری) قازانجی زۆریان هەیە بۆ بزووتنەوەی ژنان. یەکەم شت، رێگایکی بەربڵاو دەکاتەوە بۆ بەشداری راستە و خۆی ژن لە سیاسەتی خیاباندا، چونکە تایبەتمەندی ئەم جووڵانەوە ئەویە کە سیاسەت دە باتە ناو جەرگەی خیابان(جادە ) . بە وتەیکی دیکە، بێ هیچ بەرگریەک ژنان بە فەراوانی دەتوانن لە خۆپیشاندان، مانگرتن و بەرەو ڕووبوونەوەی رۆژانە لە گەڵ پۆلیس و سەربازی رێژێمی داگیرکەر دا بەشداری بکەن. ئەمە نە تەنیا هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، تاریفی 'سیاسی ' بوونی رۆڵی ژن دەگۆڕێ بەڵکوو رۆڵە سەرەکیەکانی دیکەشیان لە بەشی خزمەتگوزاریدا بە سیاسی دەکات و تاریفی سیاسی پێدەدات.

لێکۆڵینەوە فێمینیستیەکان ئاگادارمان دەکەنەوە، کە ئەم بەشداریە راستە و خۆیەی ژن کاریگەریکی بە هێزی هەیە لە سەر پەیدا بوونی بڕوا بە خۆ بوون لە ژندا، و دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنان کاتێ کە توانیان بەرەوڕووی سەرباز و پۆلیس بنەوە، بە وشێوەش دەتوانن دیوارەکانی پیاوسالاری بنەماڵە بشکێنن و لە گەڵ ستەمەکانیان بەرەوڕوو ببنەوە. هاوکات، سەرهەڵدانی جووڵانەوەی جەماوەری بوەتە هۆی دامەزرانی رێکخراوی جۆراوجۆری ژنان، کە پێکهاتەکەی دوور لە دەسەڵات و پرۆژەی حیزبە سونەتیەکانە. دە توانرێ ئەم رێکخراوانە بە گشتی، وەک 'سەردەمی نوێ ' بۆ خەباتی ژنان چاوی لێ بکرێت.ئەم رێکخراوانە، ئەگەر چی هێشتاش لە ناوی فێمێنیزم خۆیان دە پارێزن، بەڵام لە راستید ا بە شێوەی جۆراوجۆر دیسکۆرسی فێمێنستیان هێناوەتە ناو چوارچێوەی کارەکانیانەوە. جگە لە خۆ ئامەدەکردن بۆ خەباتی نەتەوە یی، باس کردن لە ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵگا، دارشتنی زانستێکی روون لە سەر ئەزموونی رۆژانەی ژن، و هەوڵدان بۆ لابردنی گشت ئەو میکانیزمانەی کە لە چەوسانەوەی ژندا نەقشیان هەیە. لەم 'سەردەمەی نوێ ' خەباتی ژناندا، دەیان رێکخراوی جۆراوجۆری ژنان پێک هاتووە، دەیان رۆژنامە و سایتی ئینترنێتی تایبەت بە ژنان پێک هاتوون، دە رگایکی فەروان کراوەتەوە بۆ بەشداری ژنان لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا. لە ڕاستیدا، ئەم جووڵانەوە هەرە مەزنە کە بەردەوامی لە دایەلۆگدایە لە گەڵ فێمینزمی نێو نەتەویی، خەریکی داڕشتنی دیسکۆرس و پرۆژەیکی هەرە بەر فراوانە بۆ خزمەت بە ژن و بۆ بە دی هێنانی رزگاری و یەکسانی راستەقینە بۆ ژن.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان پێمان ڕادەگەینن، کە بە پێچەوانەی حیزبە سونەتیەکان، ئەم جووڵانەوە جەماوەریەی ژنان رێگایکی فراوانتر دەکاتەوە بۆ بە شداری ژنانی چینەکانی خوارەوە و ناوچە پەراوێز خراوەکان. بە وتەیکی دیکە، ئەم جووڵانەوە لە ژێر دەسەڵاتی چینی ئلیتی کۆندا دێتەدەر و بە دروستکردنی پرۆژەی تایبەت بە ویستە تایبەتیەکانی ئەو ژنانە رێگا و پلاتۆفرمی تایبەت دروست دەکات بۆ ژنانی هەرە پەراوێز خراوی کۆمەڵگە ژێر دەستەکان.

بەڵام هەروەک ئەزموونی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە وڵاتە ژێر دەستەکان ئاگادارمان دەکەنەوە، جووڵانەوەی ژنان ئەرکی زیاتری لە سەرشانە و دەبێ بە وریایەکی زۆرترەوە بەشدار بن. بۆ نموونە، ئەم جووڵانەوەیە پێویستە لە پرۆسەی خەباتی نەتەوەیدا ( پێش سەربەخۆیی و دوای سەربەخۆیی ) ویستەکانی خۆی داسەپێنێ بۆ ئەوەی پێشگیری لەوە بکەن کە مافەکانیان دوابخرێت بۆ دوای سەربەخۆیی، وە ئاگادار بن کە دوای سەربەخۆیی دیسان پاڵیان پێوە نە دە ن بۆ قوژبنی ئاشپەزخانە. دە بێ بە هوشیاریکی بە رفراوانەوە ئەجەندای فێمینیستی بخەنە چوارچێوەی خەباتی نەتەویی (بە تایبە ت لە دارشتنی یاسای وڵات، دانانی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، دانانی بەرنامە ئابووی و بە گشتی پیلانەکانی دوای سەربەخۆیی ). هاوکات پێویستە کە ئەم بزووتنەوەیە گوتاری نوێ خۆی بخاتە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیی ، وەک ئازادی ژنان بۆ مناڵ بوون و پێشگیری لە مناڵ بوون، ئازادی ژن لە هە ڵبژاردنی هاوسەر، بەربەرەکانی لە گەڵ توند وتیژی بەرامبەر بە ژن لە ماڵ وکۆمەڵگادا، گۆڕانی رۆڵی بە ناو 'سروشتی ' ژن لە ماڵداری، مناڵداری ومێرداریدا. ئە م بزووتنەوەیە دەبێ بێ ترس و بێ شەرم ئەم باسانە بخاتە ناوەندی باسەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی.

مسۆگەرکردنی ئەمانە بە ڕاست پێویستی بە یەکگرتووی و یەکدە نگی ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز هەیە، چونکە دوور نیە کە دوای سەربەخۆیی جووڵانەوەی نەتەوەیی بە ئاسانی لە ژێر قەولەکانی خۆی دەرچێت. (بۆ نمونە هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، سەرەرای ئەو هەموو فیداکاری و ئازارنەی کە ژن لە کوردستانی خواروو کێشایان، پاداشەکەیان لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە بە یاسا کردنی فرە ژنی بوو

کە لە راستیدا شە رعیەت دان بوو بە ژێر دەستی ژن).

ئەرکی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە بەڕای من ئەوەیە کە بتوانێ ئەزموون و دیسکۆرسی حیزبە سونەتیەکان (کە هە ر وە ک بە وردی چاومان لێ کرد)ڕەد بکاتەوە و بوێرانە باسی لە سەر بکات. بە تایبەت ئەو دیسکۆرسەی کە بە درێژایی مێژوو ی ئەم حیزبانە رە نگی دواوەتەوە و لە راستیدا لە رێژیمە داگیرکەرکانەوە فێربوون، وە ک پێناس کردنی ژنی کورد بە 'دواکەوتوو، نە خوێندەوار، نەزان، قوربانی و بێ دەسەڵات'. لە جیاتی ئەوە روخساری راستەقینەی ژنی کورد بخاتە بەرچاو.

تێبینی ماڵپەڕی هەڵوێست: ئەم بابەتە سەرەتا لە ماڵپەڕی "تریبوونی فمینیستانی کورد" بڵاو بوەتەوە.

==========================================================================

# بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا

## بەشی یەکەم

رەهبەر مەحموودزادە

لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی بەیتناسیدا، هەمووکات شێوازە جوداوازەکانی بەیت و باو و بەگشتی لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، هەر کامەیان بە جودا و بە شێوەیەکی لێکدابڕاو تاوتۆی کراون. لاوک بە ژێرکۆمایەک (زیرمجموعە) لە خەرمانی ئەدەبی زارەکی کوردی و حەیران بە ژێرکۆمایەکی تر حسیاب کراوە. ئەوپەڕی پێوەندی نێوان ئەم دوولقە فۆلکلورییە کە بە رەسمی ناسرابێ و باسی لێوەکرابێ، لەوانەیە هاوسنووری و جیرانەتی بەستێنەکانیان بووبێ، تەنانەت ئەوکاتەی بۆنموونە کار لەسەر بەیتەکان کراوە هەرکام لە بەیتەکان، سەربەخۆ لەوانی تر شرۆڤەکراون. سەیدەوان باسێکی تایبەتی لەسەر کراوە و خەج و سیامەند باس و خواسی جوداوازی تری بۆ ئامادەکراوە. دەکرێ بڵێین بەگشتی دوو هۆکار بۆ پێک هاتنی ئەم بارودۆخە، کارێگەرێتی تایبەتیان بووە:

ئەلف. جەخت کردن لە سەر ناوەرۆکی هەرکامە لە بەیتەکان بە جودا و گرینگی نەدان بە فۆرم و پێکهاتەی گشتییان.

ب. جۆرە تێڕوانینێک بۆ بەیت کە گرینگی بەیت هەر بەتەنیا لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی ئەم بابەتەدا دەبینێ و بەیت وەکوو بابەتێکی هونەری کە خاوەنی جوانیناسی تایبەت بە خۆیەتی و وەکوو ژانرێکیی ئەدەبی خۆبژیو کە خاوەنی یاسا و رێسای خۆیەتی، بەرەسمی ناناسێ.

دیارە هەرکام لەم گریمانانە، گرفتی تایبەت بە خۆیان بۆ هەرێمی باس و بابەتەکانی بەیتناسانە ڕەکێش دەکەن. ئەگەر ئێمە هەر بەتەنیا قسە لە سەر ناوەڕۆکی بەیتەکان بکەین، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ نموونە مەنزوومەی شێعریی «قەڵای دمدم»ی مەلاکەریم فیدایی، چ جوداوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەیتی «دمدم»ی رەحمان بەکر دەبێ؟ یان مەم و زینە وەرگێڕدراوەکەی هەژار چ جوداوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ مەم و زینی نوسخەی ئۆسکارمان دەبێ؟ ئەگەر لە وڵامدا بڵێین «قەڵای دمدم»ی مەلا کەریم فیدایی لەباری ناوەڕۆکەوە، جوداوازە لە بەیتەکەی رەحمان بەکر. دەکرێ ئەم وڵامە بەم پاساوە رەت بکرێتەوە کە ئەم چەشنە جوداوازییە ناوەرۆکییانە، تەنانەت جوداوازی لەمەش زیادتر، زۆر جاران لە نێوان دوو نوسخەی بەیتێکیشدا بەدی دەکرێ. ئەگەریش بڵێین جوداوازی ئەم مەنزوومە شێعرییە، لەگەڵ بەیتە فۆلکلۆرییەکە، جوداوازییەکە واوەی جوداوازی ناوەرۆکی و پێوەندی بەفۆرم و پێکهاتەی هەرکام لەو بابەتانەوە هەیە. ئەو دەم راست دەگەین بەو قەناعەتە کە بۆ ناسینی بەیتەکان جەخت کردنی رووت لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان، کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ بەو کەسانەی بە ڕاستی بەدوای ناسینی بەیتەوەن. ئەو شێوازە بەیتناسییە وا نەتوانێ بە شێوەیەکی شیکارانە جوداوازییەکانی بەیتێکی فۆلکلۆری لەگەڵ مەنزوومەیەکی شێعریی لێک بداتەوە، شێوازێکی شیاوی پشت پێ بەستن نییە.

دیسان گرفتێکی تر کەهەر گریمانەی ئەلف بۆمانی سازدەکا، ئەوەیە کە بۆ نموونە لەبابەتی وەکوو ئازیزە یان پاییزە یان گەلۆ دا، کەم و زۆر چوارچێوە ناوەرۆکییەکان دیاریکراون. زۆربەی نوسخەکانی پایزە، بە چاوپۆشی کردن لە هەندێک جوداوازی ناگرینگ، ناوەرۆکێکی هاوبەشیان هەیە. ئازیزە و گەلۆش هەروەتر دەی ئەگەر گرینگی باسەکە هەر لە ناوەرۆکی ئەو بەندانە دایە، ئێمە بەچی دەزانین نوسخەیەکی ئازیزە لە نوسخەیەکی دیکە جوانتر و هونەریترە؟ بەیتناسێک کە تەواو ئاشنای بەندی گەلۆیە، ئەگەر نوسخەیەکی تازە دۆزراوە لەم بەندەی –کەپێشتر نەیدیتووە- لە بەردەست دابندرێ، تەنانەت بەر لە خوێندنەوەشی، زۆر و کەم دەزانێ بەندەکە باسی چی دەکا، ئەوەی ئەو بەیتناسە لە یەکەم خوێندنەوەی دا سەرنجی دەداتێ، چۆنیەتی داڕێژرانی ڕستەکان و ڕادەی ناسک بوونی تەعبیرەکان و بە گشتی شێوەی دەربڕین لەم نوسخەیە دایە و ئەوانە هەموویان لە دەرەوەی بەستێنێکی ناوەرۆکی ڕووتن.

بۆچوونی دووهەمیش بە شێوەیەکی تر لە گرینگی بەیت کەم دەکاتەوە. گومان لەوە دا نییە بەیتی کوردی سامانێکی چڕ و پڕ و دەوڵەمەندی لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەخۆ گرتووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە بەیت نە بەتەنیا بابەتێکی مێژوویی یە و نە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕووتیشە. ئەگەر وابا دەبوو بەهۆی وتارێکی شیکارانەی مێژوویی لەسەر کارەساتی دمدم، هەرچی نوسخەی بەیتی دمدمە وەلا نرابان، بەڕاستی ئەگەر لەبایەخە تایبەتەکانی جوانیناسی بەیت بترازێین، ئەو بەندانەی خوارەوە لە بەیتی دمدم، لەباری مێژووییەوە هەڵگری چ زانیاریگەلێگی بەقەدر و قیمەتن؟

سوارێک هات بە نادری
کەس نییە چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«خان ئەوە عەزرەتی خدری»
سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ
بەویە سووڕەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«ئەوهە وەیسی ماهی دەشتێ»
سوارێک هاتووە لە کارخانێ

بەویە سووڕەتی ئیمانێ

خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»

«خان شێخ عەبدولقادری گێلانێ»

سوارێک هاتووە هونەرمەندە

ئەسپابی دەعوایەی رەندە

خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»

«خان ئەوهە شاهی نەخشبەندە»

بەڕاستی بڵێی بکرێ ئەم بەندانە وەکوو بەشێک لەو ڕاپۆرتە مێژووییە چاویان لێ بکرێ کەباسی ڕووداوی دمدم دەکێڕنەوە؟ لەوانەیە لە نووسراوە مێژوویەکانیشدا، گەیشتن بەو عەینییەتەی هەموو جوداوازییەکان لە هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان بسترێتەوە، کارێکی گونجاو نەبێ. بەڵام بەلانی کەمەوە دەکرێ بڵێین لە نووسراوە مێژووییەکاندا، گەیشتن بەو عەینییەتە دەتوانێ وەکوو ئامانجێک ـ تەنانەت ئەگەر زۆر دوورە دەستیش بێ ـ لەبەرچاوی هەموو مێژوونووسێک بێ. کەچی ئێمە لەو بەشەی بەیتی دمدمدا، لەجیاتی عەینییەتی مێژوویی، لەگەڵ زەینییەتی تایبەتی کوردێک بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەگەرچی باپیرانی لە مەیدانی شەڕێکی نابەرانبەردا دۆڕاون، بەڵام لە چوارچێوەی تایبەتی بەیتەکەدا، دیاریکردنی ئارایشتی سوپای هەردووک لا بە مافی خۆی دەزانێ. بۆیە زۆر بەشێنەیی و لە سەرەخۆ، بەوپەڕی تێرادیوییەوە، سوڵتان مەعرووفی کەرخی و شەمسی تەورێزی و ڕابیعەی عەدەوی و سەعدی وەقاز ڕەوانەی ناو سوپای کوردان دەکا و لەبەرانبەر دا هەرچی کافر و مەلعوونە، بە پاڵەوەپەستۆ دەباڵ قۆشەنی هەنگامەی عەجەم دەپەستێ. کەواتە دەڵێین دەقی بەیتی دمدم، وەکوو هەموو بەیتەکانی دیکە دەقێکی هونەری یە.

نیشانەناسی، وەکوو زانستی تاوتۆی کردنی دەلالەتە جۆراوجۆرەکان پێمان دەڵێ هەرچی نیشانەی زانستی یە تەعبیر لە عەینییەتێک دەکا، بەدەر لە شوێن وەرگرتن لە زەینییەتە تاکەکان. بەڵام نیشانەی هونەری تەعبیر لەو زەینییەتانە دەکەن کە دەیانهەوێ لەسەرڕاوە، بەشێوەیەکی تازە جیهان بخوڵقێنیتەوە. بۆیە هیچ لەمپەرێک ڕێگا لە بەیتبێژی کورد ناگرێ هەتا شەڕی قەڵای دمدم بە خەزایەک ببینێ کە ئاڵای نەبی تێدا هەڵکراوە.

ڕوانینی ڕووتی مێژوویی بۆ بەیت تەنانەت ئەم ختووکەیەشمان لە دڵ دەهاوێ کە بۆ نموونە نوسخەکانی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ کۆ کەینەوە و بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، هەڵە مێژووییەکانیان لێ هەڵپەرتێوین و نوسخەیەکی پاڵاوتە لە بەردەستی خوێنەر بنێین!

مێژوونووس حەقی خۆیەتی بۆ ناسینی زیادتری کەسایەتی کاکەمیر و کاکە شێخ، ئاوڕ لەو نوسخانە نەداتەوە کە لەگەڵ دەقی شەرەفنامە ناکۆکن و زیادتر ئەو نوسخانەی بەلاوە پەسند بێ کە نێوەرۆکیان لەگەڵ نێوەرۆکی سەرچاوە مێژووییە باوەڕ پێکراوەکان یەک دەگرێتەوە، بەڵام نە ئەو مێژوو نووسە دەتوانێ بەم پاساوە کە ئەو نوسخانە هەڵەی مێژوویی‌یان تێدایە شورت و گومیان بکا و نە بەیتناسیش دەتوانێ لە کاری بایەخ دانان بۆ ئەم نوسخانە، جوانکاری و ناسککارییە هونەرییەکانیان پشت گوێ بخا و هەر بە تەنیا گرینگی بە سەنەدییەتی مێژوویی‌یان بدا.

وەکوو دوایین گوتە لەم بارەیە دا دەمهەوێ پرسیارێک ئاراستەی بەیتناسان و خوێنەرانیش بکەم، پرسیارێک کە لەناو چوارچێوەی بارودۆخێکی گریمانەیی دا دەتوانێ بێتە ئاراوە: با وای دابنێین دوو نوسخەمان لە بەیتی «کاکە میر و کاکە شێخ» لە بەر دەست دایە. ناوەرۆکی یەکێکیان لەگەڵ دەقی سەرچاوە مێژووییەکان یەک دەگرێتەوە و ئەوی تریان ئەو هاوجووتییە ناوەڕۆکییەی تێدا بەدی ناکرێ بەڵام ئەو نوسخەیەی نارێکە لەگەڵ دەقە مێژووییەکان، خاوەنی فۆرمێکی زۆر پتەو و پێکهاتەمەندە و ڕستەکانی زۆر وەستایانە داڕێژراون و تەعبیرەکانی لەوپەڕی ناسکی دان و نوسخەکەی تر لەم ڕووەوە ناگاتە ئاستی ئەمەیان. بەڕاستی لەم حالەتەدا بەیتناسێکی شارەزا، کامە نوسخە بە هونەری تر و گرینگ تر دەزانێ و بێ ئەوەی هەوڵی شورت و گوم کردنی هیچ کامیان بدا، کامەیان بەرزتر دەنرخێنێ؟

بە وەلانانی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی هەر بە تەنیا جەخت لە سەر لایەنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەیت دەکەن، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ مێتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بەیت لەبار و بەکەڵکە؟ چ جۆرە شیکارییەک دەتوانێ چوارچێوەی بەیتمان پێ بناسێنێ و لە تاوتوێ کردنی دەقە جۆراوجۆرەکاندا شارەزامان بکا؟

ئەو بابەتەی لێرەدا دەمانهەوێ بیخەینە ڕوو، هاوچەشنی ئەو بابەتەیە کە لە وەڵامی پرسیارێکدا گەڵالە دەکرێ کە لە بارەی چۆنیەتی فێربوونی زمانێکی تازەوە پرسیار دەکا. دوای ئەوەی کەسێک ڕێزمانی زمانێکی تازە فێربوو و تا ڕادەیەکی شیاو ئاشنای وشە و زاراوەکانی ئەم زمانە تازەیە بوو، ئینجا بۆخۆی دەتوانێ ڕستەی ڕێزمانی تازە کە دەلالەت بۆ مانای دڵخوازی دەکەن، دابهێنێ.

ئایا دەتوانین بەیتیش بە خاوەنی ڕێزمانێکی ئەوتۆ بزانین کە بکرێ یاسا و ڕێساکانی بدۆزرێتەوە و چوارچێوە گشتییەکەی وێنا بکرێ؟ بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕێزمانەی دانە دانە ڕستەکانی ناو بەیتی پێ دادەڕێژرێ، ڕێزمانی کوردی بێ، ڕێزمانێکی بووتیقاییش هەیە کە بەگوێرەی ئەم ڕێزمانە تایبەتە چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و بەندەکان و بە گشتی چۆنیەتی تەرکیبی بەیت، دیاری دەکرێ. دۆزینەوەی چوارچێوەکانی ئەم ڕێزمانە بووتیقاییە، گەورەترین هەنگاوە کە لە بواری بەیتناسی دا دەتوانین هەڵیهێنینەوە.

ئێمە ئەگەر بزانین بۆ نموونە هەر بەندەی حەیران لە سێ بەش پێک دێ و کۆتایی هەر بە شەش لە خۆگری ڕێکەوەندێکی سەرواداره کە سەرواکەی لەگەڵ سەرەوای دوو بەشەکەی تر یەکن، ئەو دەم دەتوانین ئەوەندە شارەزاییە وە دەست بهێنین کە بزانین لەو دوو بەندەی خوارەوە، کامەیان بە شێوەیەکی ڕێزمانی داڕێژراون و کامەیان لەم دەربڕینە ڕێزمانییە بێ بەرین.

بەندی یەکەم:

ئەمن دەڵێم لەوێ نۆرێ هەتا ئەوێ نۆرێ

ئەوە مەڕ و مێگەلی خۆیان ڕاکێشان بۆ سەر گۆلی دە بەرخ شۆرێ

ئەتۆ دای و خوشکی دە خۆت نەبوون

لە بۆتیان ناردبانەوە بە دیاری هەر دۆڵاغ و گۆرێ

بەندی دووهەم:

ئەی خودا هاوار ئەی موسولمانان!

کورم کوژراوه

به پیره سەری جەرگم بڕاوه

نەک هەر فۆرمە فۆلکلۆرییەکان خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیانن، بەڵکوو چۆنیەتی ئاڵ و گۆڕ کردنی فۆرمەکان و چۆنیەتی گۆڕانیان لە قاڵب و شێوە گوتنێکەوە بۆ قاڵب و شێوە گوتنێکی تریش، خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێک و پێکە.

بەر لەوەی بپەرژێینە سەر چۆنیەتی وەدی هاتنی ئاڵ و گۆڕ لە فۆرمی بەربڵاوی بەیتی کوردی دا، با بە شێوەیەکی بەراوردکارانە، ئاوڕ لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە و قسە لە سەر قاڵبێکی شێعری کلاسیک بکەین کە لکی چکۆڵەتری لێ بووەتەوە و دواتر ئەم لکە وەکوو قاڵبێکی تازە لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیکدا بەڕەسمی ناسراوە، ڕووداوێک کە لە بەستێنی بەیتی کوردیش دا ڕووی داوە بەڵام زۆرکەم ئاوڕی زانستی لێ دراوەتەوە.

قەسیدە قاڵبێکی شێعریی زۆر گرینگ لە شێعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی دایە، گرینگی قەسیدە بێژی لە شێعری عەرەب دا تەنانەت بۆ دەورانی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە و ئەو حەوت پارچە قەسیدە فەسیح و بەلیغە کە بە «معلقات سبع» ناویان دەرکردووە و دەڵێن هۆنراوەی حەوت شاعیری بە نێوبانگی عەرەبی زەمانی جاهیلین و وەختی خۆی لە دیواری کابە هەڵاوەسراون، شاهیدی ئەم بۆچوونەن. فارسەکان ئەم قاڵبە شێعرییەیان لە عەرەبەکان وەرگرتووە و بۆ مەدحی پادشا و ئەمیرە گەورەکانیان بە کاریان هێناون. (لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی دا، حکوومەتێکی نەتەوەیی بەهێز نەبووە کە بە دیاریکردنی ناوەندێک، حوکم بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی کورداندا بکا، یان ئەگەر هەبووە وەکوو نموونەی فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆرکەم خایەن بووە، هەر بۆیە دەرباری ئاواش نەبووە کە بە پووت زێڕ و زێو بخاتە بەردەمی ئەو شاعیرە مەدداح و پەسن بێژانەی کاریان هەر بەتەنیا هۆندنەوەی قەسیدەی مەدحی بێ. ئەوەتا لە ئێرانیش دا، لە سەدەی شەشەم و حەوتەم بەم لاوە، بە دوای تێک چوونی فەرمانڕەواییەکی بەهێزی ناوەندی لە ئاکامی هێرشی مەغوول دا، گوتنی قەسیدەش بەم شێوەیە لەناو چوو و قەسیدە بێژەکانیش لە مەدحی پادشاکانەوە بایان داوە بۆ پەسنی وەلی و پیاوچاکان.

قەسیدە پارچە شێعرێکی درێژە و تەنانەت جاری وایە هەتا حەفتا بەیتیش خۆی لە بەریەک دەکێشێتەوە. ئەم قاڵبە شێعرییە لە چوار بەش پێک دێ. بەشی یەکەم (تەشبیب)ی پێ دەڵێن. وشەی تەشبیب کە لەگەڵ وشەی (شباب) هاوڕیشەیە، بەمانای یادکردنەوەی هەرەتی لاوی یە. لەبەر ئەوەی قورسایی زۆرتری هەست و سۆزی ئەم دەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و ئەویندارى، کەواتە ئەم بەشەی قەسیدە، زیادتر لەخۆگری شێعری ئەویندارانەیە. هەربۆیە ئەو بەشە سەرەتاییە، جگە لە (تشبیب) بە (تغزل) واتە گوتنی شێعری ئەویندارانە و هەروەها بە (نسیب) واتە گوتنی شێعری ناسک بۆ ژنانیش ناسراوە. دیارە لە بەر ئەوەی بەشی سێهەمی قەسیدە، مەدح و پێهەڵگوتنی پیاوێکی گەورە لە خۆی دەگرێ، دەبێ شاعیر بتوانێ بە شێوەیەکی زیرەکانە بەشی یەکەم یان بەشی تەشبیب لە بەشی سێیەم واتە بەشی مەدح گرێ بدا و لێکیان ببەستێتەوە. ئەوبەشەی کاری ئەو پێوەندی ساز کردنە مانابیە دەکا (تخلص)ی پێ دەڵێن کە بەشی دووەمە و سەرکەوتنی بەرچاوی شاعیریش بۆ ڕێکخستنی ئەم پاژە کە ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی دیکەی قەسیدە کورت ترە بەڵام لە هەمووشیان دژوارترە، (حسن تخلص)ی پێ دەگوترا. دوای بەشی مەدح کە زۆرترین پێوانە لە ڕووبەری قەسیدەکە دەگرێتەوە، لە دوایین بەشی دا کە (شریطە)ی پێ دەڵێن، شاعیر دوعای بەخێر بۆ کەسایەتییە گەورەکە (مەمدووح) دەکا و لە بەر ئەوەی شاعیری قەسیدە بێژ لەم بەشەدا زۆرتر هیوای تەمەن درێژی هەتاهەتایی و ژیانی ئەبەدی بۆ مەمدوح دەخواست، ئەم بەشە، (دعای تابید)یشی پێ دەگوترێ کەبەمانای دوعای هەتا ئەبەد مانەوەیە.

نموونەیەک لەم قەسیدە مەدحییانە بەهەر چوار بەشەکانییەوە ئەم پارچە شێعرەی خاقانی یە:

(تشبیب)

ما فتنه بر توایم و تو فتنه بر آینه ما را نگاه در تو، ترا اندر آینه

تا آینه جمال تو دید و تو حسن خویش تو عاشق خودی، ز تو عاشق تر آینه

.........

در آینه دریغ بود صورتی کزو ببیند هزار صورت جانپرور آینه

(تخلص)

از روی شاه گیرد نور و ضوء آفتاب و ز روی تو پذیرد زیب و فر آینه

(ملدح)

سلطان اعظم آنکه اشارات او زغیب چونان دهد نشانی کز پیکر آینه

شاهنشهی که بهر عروس جلال اوست هفت آسمان مشاطه و هفت اختر آینه


(شریطه)

بادت جلال و مرتبه چندان که آسمان هر صبحدم برآورد از خاور آینه

ئەوە قاڵبی تایبەتی و فۆرمی گشتی قەسیدە بوو. بەڵام ئەم بابەتەی دەمانهەوێ لەم وتارە دا جەختی لەسەر بکەین، باسێکی واوەی باسی ئەم قالب و فۆرمەیە. قەسیدە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی دوور و درێژ بوو و بێبەری بوو لە تایبەتمەندی کورت بڕینەوە و لە لایەکی تریشەوە لە بەرئەوەی بەردەنگەکەی هەر بەتەنیا کەسێک یان کەسانێکی تایبەت بوون، وێڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی باسمان کردن، بەرەبەرە لە کورتی و لە کزی دا. بەڵام لە جیاتی ئەو، بەشی یەکەمی واتە تەشبیب هەم لە بەر ئەوەی ناسک ترین و هونەری ترین بەشی قەسیدە بوو و هەم لەبەر ئەوەی سەرنجی جەماعەتێکی یەکجار زۆری بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەرەبەرە لە قەسیدە جودا بووەوە و وەکوو قاڵبێکی شێعریی سەربەخۆ بە ناوی «غەزەل» ناوی دەرکرد. لە غەزەلدا بەگوتەی نووسەرێکی ئێرانی، مەعشووق جێگای بە مەمدووح لێژ کرد و بە سیمایەکی دڵڕفێنی ئەوتۆ کە تێکەڵاوێک بو لە سێ سیمای مەعشووق و مەعبوود و مەمدووح، هاتە مەیدانی شێعری کلاسیک. لەبەر ئەوەی شاعیر لە قەسیدەدا، بەر لە دەستپێکردنی بەشی مەدح، تەخەللوسی بەناوی مەمدووحەکەوە دەکرد، دوای لەکزی دانی قالبی قەسیدە و وە ڕمێن کەوتنی قالبی غەزەل، تەخەللوس بوو بە کۆتایی غەزەل و شاعیر لە جیاتی ناوی مەمدووح، ناوی خۆی دەهێنا .

**درێژە هەیە**

ماڵپەری : کوردستان و کورد




Rebendan — ۲۷۱۲ کوردی — ڕێبەندان

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ۱ 20 | ۲ 21 | ۳ 22 | ۴ 23 | ۵ 24 | ۶ 25 |
| ۷ 26 | ۸ 27 | ۹ 28 | ۱۰ 29 | ۱۱ 30 | ۱۲ Feb 1 | ۱۳ 2 |
| ۱۴ 3 | ۱۵ 4 | ۱۶ 5 | ۱۷ 6 | ۱۸ 7 | ۱۹ 8 | ۲۰ 9 |
| ۲۱ 10 | ۲۲ 11 | ۲۳ 12 | ۲۴ 13 | ۲۵ 14 | ۲۶ 15 | ۲۷ 16 |
| ۲۸ 17 | ۲۹ 18 | ۳۰ 19 | | | | |

مەهاباد

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca